# باڵۆڵی دانا

## پەندو ئامۆژگارییەکانی باڵۆڵی دانا

وەرگێرانی: کامل محمد قادر



Scanned with CamScanner

پێناسی کتێب

ناوی کتێب: بالۆلێ دانا

بابەت: پەندو ئامۆژگارییەکانی بالۆلی دانا

وەرگێڕانی: کامیل محەممەد قادر

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ۲۰۱۲

تیراژ: هەزار دانە

شوێنی چاپ: چوارچرا

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارە (۱۱۳۸) ساڵی ۲۰۱۲ پێدراوە



Scanned with CamScanner

## پێشەکی

باڵولٚ چۆن بووە، یان کێ بوو، یان ئایا راستە شێت بووە یان نا؟ ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارن رەنگە لەکاتی بیستنی ناوی باڵولٚدا هەریەکەما ئەو پرسیارانە لەخۆمان بکەین.

بەڕای من باڵولٚ نەك هەر شێت نەبوو، بەڵکو دانایەکی ژیرو ئاین زانێکی بەتوانا و عارفێکی گەورە بوو. چوونکە کاتێ هەر یەکێك لەبەسەرهاتەکانی ئەخوێنیتەوە، بۆت دەر ئەکەوێ کە باڵولٚ چۆن کەسێك بووە. رەنگە ئەوکات توشی سەر سوڕمانێکی زۆر بیت چونکە قسەگەلێك کە باڵولٚ کردونی یان وەڵامدانەوەی هەموو ئەو پرسیارانەی لێی دەکرێن. ناکرێت کابرایەکی ئاوا زاناو عارف شێت بوو بێ. ئەی بۆچ لای ئێمە وەك شێت ناسراوە؟ دیارە لەزەمانێکدا باڵولٚ ژیاوە، کەوا وتنی وشەی راستی قەستی سەر بووە. یان باشتر بڵێم وتنی تەنها وشەیەکی راست رەنگە بوو بێتە



Scanned with CamScanner

هۆی لەداردان. یان بەڕوییەکی دیکەدا رەنگە بۆ ئەوە خۆی شێت کردبێ، تا بەدوای پلەو پایەو خۆشییەکانی دونیادا نەڕوات و رووکەشەکانی دونیای لا گرنگ نەبووبێ. خۆی بۆ خزمەتی خەڵك و دین یەك لا کردبێتەوە، ئەمانە هەموویان بۆچوونن رەنگە واش نەبووبێ بەڵام بەدرێژایی مێژوو ئێمە بیستوومانە کەوا ئەگەر تۆزقاڵێك دژی دەسەڵات قسەت کردبێ، مەگەر شێت بوو بی ئەگینا لەدار دراوی و مۆرکی خیانەت کاریان داوتە پاڵت.

وەرگێڕ

## باڵووڵ و بازرکان

ڕۆژێك بازرگانێك بازرگانێکی بەغدادی لە باڵوڵی پرسی:

–چی بکرم تاقازانجی زۆر بکەم باڵوڵ وەڵامی دایەوە:

–ئاسن و لۆکە بکڕە.

ئەوپیاوە هەندێك ئاسن و لۆکەی کڕی لە عەمباردا هەڵی گرت، وارێکەوت پاش ماوەیەك کە فرۆشتی قازانجێکی زۆری کرد..بۆیە بەزوویی گەڕایەوە بۆلای باڵوڵ وئەمجارەیان وتی:

–باڵوڵە شێت چی بکڕم تاقازانجێکی زۆر بکەم؟ باڵوڵیش وتی:

–پیاز بکڕە.

بازرگانەکە هەرچی سەرمایەی خۆی هەبوودای بە پیازوو خستیە عەمبارەوە، پاش ماوەیەك پیازەکە بۆگەنی کردوو هەمووی لە ناوچوو، بۆیە بازرگانەکە زەرەرو زیانێکی زۆری کرد. بەخێراییی بەشوێن باڵوڵدا گەڕاو پێی ووت:



Scanned with CamScanner

یەکەمجار کەپێم وتی چی بکڕم تا قازانج بکەم وتت ئاسن و لۆکە بکڕە، منیش ئەو کارەم کردوو سودێکی زۆرم دەست کەوت، بەڵام جاری دووهەم کەپرسم پی کردیت چی بکڕم تاقازانج بکەم، وتت: پیاز بکرە! ئەمە چ ڕێگادانانێک بوو؟ هەمووسەرمایەکەم تیاچوو.

بالۆل لەوەلامدا بە پیاوەکەی وت:

–یەکەمجار کەمنت بانگکرد، وتت بالۆلی دانا چی بکڕم تاقازانج بکەم.. منیش وەکوو ئاقلەکان ئامۆژگاریم کردیت، بەڵام جاری دووهەم کەبانگت کرد وتت بالۆلە شێت چی بکڕم تاقازانج بکەم، منیش وەک شێتەکان ئامۆژگاریم کردیت.

کابرا کاتێک ئەم قسەیەی بیست سەری شۆڕ کردەوەو بەشەرمەزارییەوە ڕۆشت.



Scanned with CamScanner

## بالۆلْ و هاوڕێکەی

کەسیك کەپێشتر هاوڕێی بالۆلْ بوو، ڕۆژێك باریْ گەنمی برد بۆئاش بیهاڕێت.. لەگەڕانەوەدا کەرەکەی هەلْکەوت و قاچی شکا، بەڕێکەوت لەنزیکی مالْی بالۆلْ دابوو.. ئەو کابرایە چونکە پێشتر هاوڕێی بالۆلْ بوو چو تا کەرەکەی بالۆلْ بهێنیْ و بارەکەی لیْ بنێت.. !.

بالۆلیش چونکە نەی دەویست کەرەکەی بداتیْ وتی: من کەرم نیە، هەرلەو کاتەدا زەڕڕەی کەرەکەی بالۆلْ هات... پیاوەکە بە بالۆلی وت: کەرەکەت لەمالەوەیەو دەلێیت کەرم نیە؟.

بالۆلْ وتی:

–بەخوا پیاوێکی کەری، من و تۆ پەنجا سالە هاوڕێین باوەڕ بەقسەی من ناکەیت کەچی باوەڕ بەزەڕڕەی کەرەکە دەکەیت!!.



Scanned with CamScanner

## باڵوڵ و كورسی هارونە ڕەشید

ڕۆژێـك بـاڵوڵ چـووە كۆشـكی هارونـە ڕەشـید، كاتێـك كورسی خەلافەتی بەچۆڵی بینی بەبێ ترس چووە جێگـەی هارونــە ڕەشــیدو دانیــشت... دەســت و پێوەنــدەكانی هارونەڕەشـید بەشـەق باڵوڵیـان هێنایـە خـوارەوە، بـاڵوڵ دەستی كردە گریان، لەو كاتەدا هارونە ڕەشید هاتو بینـی باڵوڵ ئەگری، هۆی گریانەكـەی لـە دەست و پێوەنـدەكانی پرسی، ئەوانیش هۆكارەكەیان ڕوون كردەوەبۆی... ئەویش بۆدڵدانەوەی باڵوڵ دانەویەوە و دەستی كردەملی.

باڵوڵ وتـی:

-من بۆحاڵی خۆم ناگریم، بۆحاڵی تۆ ئەگریم.. من تـەنها بۆ چەند چركەیەك لەسەری دانیشتم ئەوەنـدەیان تێهەڵدام، تۆتەمەنێكــە لەســەری دائەنیــشیت ئــەبێت چــەندت تێهەڵدەن؟!.

## باڵوول و خۆراکی خەلیفە

ئەگێڕنەوە خەلیفەهارون خۆراکێکی شاهانە ئەنێرێت بۆ باڵوولی برای، خزمەتکارەکەی خەلیفە خۆراکەکەی لەبەردەم باڵوولدا دانا... ئەویش خۆراکەکەی خستە بەردەمی سەگێك! خزمەتکارەکە هاواری کردوو وتی:

–بۆچی خۆراکەکەی خەلیفەت کردە بەردەمی سەگ؟

باڵوول دەستی نابەدەمی کابراداو وتی:

–بێدەنگ بە باسەگەکە گوێی لێنەبێت، ئەگەر بزانێت خۆراکی خەلیفەیە هەرگیز نایخوات!.

## باڵوول و پزیشکی دەرباری هارون

ئەگێڕنەوە هارونە ڕەشید پزیشکێکی تایبەتی لە یۆنانەوە هێنابوو بۆ دەرباری خۆی، هەرکە پزیشکەکە گەیشتە بەغداد.. هارونە ڕەشید بە شێوازێکی زۆر تایبەت پێشوازی لێکردو بە ڕێزو شکۆمەندییەوە بردیە نێو کۆشکەوە.



Scanned with CamScanner

تاچەند رۆژ کاربەدەستانی وڵات ئەچون بۆ دیداری ئەو پزیشکە، وارێکەوت باڵولیش لەرۆژی سێهەمدا چو بۆ دیداری ئەو پزیشکە ! لەپڕ لە پزیشکەکەی پرسی:

-ئەوە کاری تۆ چیە؟

پزیشکەکە پێشتر ناوبانگی باڵولی بیستبوو کە شێتە، ویستی هەندێك سەر بخاتە سەری و گاڵتەی پێبکات.. وتی:

-من پزیشکم و مردووەکان زیندوو ئەکەمەوە.

باڵولیش لەوەڵامداوتی:

-تۆ زیندووەکان مەکوژە مردوو زیندوو کردنەوە پێشکەش بە خۆت بێت.

هەموو دانیشتوانی کۆشکەکە دەستیان کردە پێکەنین و پزیشکەکە لە داخا بەغدادیشی بە جێ هێشت.



Scanned with CamScanner

## بالۆڵ و بەندەیەك كەلەشەپۆلەكانی دەریا ئەترسا

ئەگێڕنـــەوە یـــەكێك لەبازرگانـــەكانی بەغـــداد لەگـــەڵ بەندەیەكیـــدا ئەیانـــەوێت بەكەشـــتی بـــچن بـــۆ بەســـرە.. واڕیدەكەوێت بالۆڵیش لەناو ئەو كەشتیەدا ئەبێت، بەندەكـە لەترسـی شـەپۆلەكانی دەریـا خـەریك بـوو زیـرەی ئـەكردوو ئـەتۆقی.. لەترسـا دەسـتی كردبووە گریـان و هـاوار كـردن خـەڵكی نێـو كەشـتیەكەش وەڕس بـوو بـوون داوایـان لـە بازرگانەكە كرد بەشێوەیەك بێدەنگی بكـات، كـابرا هەرچـی كرد بۆی بێدەنگ نەكرا.. بـالۆڵ داوای لێكـرد ڕێگـەی بـدات ئەوبێدەنگی بكات، كابرا ڕازی بوو، بالۆڵ فـەرمانی دا فڕێـی بدەنـە نێـو ئاوەكـەوە، كاتێـك تەواومانـدوو بـوو لەئاوەكـە هێنایانـە دەرەوە ئـەویش لـە گۆشـەیەكی كەشـتیەكەدا بەبێدەنگی دانیشت.

خەڵكانی نێو كەشتیەكە پرسیاریان لە بالۆڵ كرد:

-هۆی ئەم كارە چی بوو؟

بالۆڵ وتـی:

-ئەم بەندەیە قەدری ئارامی نێو کەشتیەکەی نەدەزانی بەڵام کاتێك لەنێو ئاوەکەدا ماندوو بوو ئەوکات زانی ناو کەشتیەکە چەندە شوێنێکی ئارام و پارێزراوە.

## ئامۆژگاری کردنی هارونەرەشید لەلایەن باڵوڵەوە

رۆژێ باڵوڵ چوە لای هارونەرەشید، هارون وتی باڵوڵ ئامۆژگاریم بکە باڵوڵ وتی:

-ئەگەر لەبیابانێکدا تەنها بمێنی و ئاوت دەست نەکەوێت زۆریشت نەمابێ لەتینوان بخنکێ ئایا چەند ئەدەی تا رزگارتکەن؟ هارون وتی:

-سەد دیناری ئاڵتون.

باڵوڵ وتی:

-ئەگەر خاوەنەکەی رازی نەبو؟ هارون وتی:

-نیوەی پادشاییەکەم ئەدەم.

باڵوڵ وتی:

-ئەی ئەگەر ئاوەکەت خواردەوەو میزت گیرا چەندە ئەدەی تا رزگارتکەن لەو ئازارە؟

هارون وتی:

-نیوەکەی تری پادشاییەکەم ئەدەم.

باڵوڵ وتی:

-کەواتە بەو پادشاییەی مەغرور مەبە کە نرخی چەن قومە ئاوێکی هەیە، دەی کەدونیا ئاوابێ تۆش لەگەڵ خەڵکانی خودا باش رەفتاربکە.

## مناقەشەی باڵوڵ و فیقزانێک

ئەگێڕنەوە پیاوێکی فیقزانی شارەزا دێتە بەغداو هاروون هەرکە بیستی ئەو پیاوە هاتۆتە بەغداد، داوای کرد بیهێننە کۆشکی خۆی.

کاتێ ئەو پیاوە هاتە کۆشک هاروونە رەشید پێشوازییەکی شاهانەی لێکرد، هەموو پیاوانی کۆشک پێشوازییان لێکرد و رێزیان لێگرت و خەریکی گفتۆگۆ

بوون.

لەوکاتەدا باڵوڵ هاتە ژوورەوەو هارون ڕێگای نیشاندا تا دانیشێ. کابرا بەهارونی وت:

–جێگای سەرسوڕمانە پیاوێکی وەك تۆ لەگەڵ کەسانی ئاوا سادە میهرەبان و روخۆشی و دەهێڵی بێنە کۆڕی جەنابتان و دانیشن، باڵوڵ زانی ئەوپیاوە مەبەستی لەوە، بەڕێزەوە بەو پیاوەی وت:

–بەنەزانی خۆت بایی مەبەو منیش بەکەم مەزانە، من ئامادەم لەگەڵ تۆ مناقەشەبکەم و بەخەلیفەی بسەلمێنم کە تۆ کەسێکی نەزان و نەفامی.

پیاوەکە وتی:

–بیستومە کەتۆ شێتی، منیش ئیشم بەشێت نیە، تۆ من بەنەفام ناو ئەبەیت و بەشێتی خۆت رازیی نیت.

هارونەرەشید چاوی لەباڵوڵ مۆڕکردەوەو فەرمانی پێدا بێدەنگ بێ، باڵوڵ بێدەنگ نەبوو بەهارونی وت:

-ئەگەر ئەوپیاوە گومانی لەزانیاری خۆی نیە بامناقەشەیەك بکەین.

هارونە رەشید پیاوەکەی وت:

-چ زیانێك ئەکەی ئەگەر مناقەشەی لەگەڵ بکەیت؟

پیاوەکە وتی:

-ئامادەم لەگەڵێ قسەبکەم، پرسیارێك ئەکەم ئەگەر زانی من هەزار دیناری ئەدەمێ، ئەگەر نەیزانی ئەبێ ئەو هەزار دینار بداتە من.

بالۆل وتی:

-من لەماڵی دونیا هیچم نیە، ئامادەم ئەگەر وەڵامەکەم زانی، پارەکە لەتۆ وەرگرم و بەناو هەژاراندا دابەشی بکەم، ئەگەر وەڵامەکەشم نەزانی ئامادەم وەکو بەندەیەك کارت بۆ بکەم.

پیاوەکە رازیبوو پرسیارەکەی لەبالۆل کردو وتی:

"کەسێك خەریکی نوێژ کردنەو کەسێکی تر بەرۆژووە،



Scanned with CamScanner

کابرایەك دێتە ژوورەوە، ژن و مێردێك کەلەو ماڵەدا دەژین بەیەك حەرام ئەبن و ئەو پیاوەی کە نوێژ ئەکات نوێژەکەی بەتاڵ ئەبێ ئەوەش کە بەڕۆژوە ڕۆژوەکەی بەتاڵ ئەبێ؟"

ئایا ئەتوانی بڵێی ئەو پیاوە کێبوە؟

بالۆل خێرا وەلامی دایەوەو وتی:

–ئەو پیاوەی هاتە ژوورەوە، پێشتر مێردی ئەو ژنە بوەو سەفەرێکی دورو درێژی کردەوەو هەواڵیان هێناوە کە مردوە ژنەکە لەسەر بڕیاری قازی شەرعی شوی کردۆتەوە، ئەو پیاوەش کەلای دانیشتوە مێردی تازەی بوەو پارەشی داوە بەو دوو پیاوە یەکیان ڕۆژو ئەویتریان نوێژ بۆ مێردە کۆنەکەی بکات، کاتێ مێردە کۆنەکە گەڕاوە ژنەکەو مێردە تازەکە لەیەك حەرام ئەبن و ئەو پیاوەی کە نوێژی بۆ پیاوەکە ئەکرد نوێژەکەی بەتاڵ ئەبێتەوەو ئەوەش کەبە ڕۆژوە بۆی ڕۆژوەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە.

هارونە ڕەشیدو ئامادەبوانی کۆشك لەوەلامەکەی بالۆل سەریان سوڕماو زۆر خۆشحاڵ بون و ئافەرینیان لەبالۆل

کرد.

باڵوڵ دووبارە وتی:

-ئێستا نۆرەی منە پرسیار لەتۆ بکەم؟ پیاوەکە وتی:

-پرسیار بکە.باڵوڵ وتی:

-قاپێك سرکەمان داناوە لەگەڵ قاپێك شیر، پاشان کاتێ شیرو سرکە تێکەڵ ئەکەین ئەبینین مشکێکی بەتۆپیویی لەناودایە، چۆن بزانین ئەو مشکە لەناو شیرەکەدا بوە یان لەناو سرکەکەدا؟

پیاوەکە زۆر بیریکردەوە هەرچیکرد نەیتوانی وەڵام بداتەوە، پاشان هارونە رەشید بەباڵوڵی وت خۆی وەڵامەکەیان پێی بڵێ.

باڵوڵ وتی:

-گەر ئەوپیاوە دانی بەنەزانی خۆیدا نا منیش پێتان ئەڵێم، ناچار پیاوەکە دانی بەنەزانی خۆیدا ناو باڵوڵ وتی:

-ئەبێ مشکە دەر بهێنین و پاك بیشوین تا شیر و

سرکەی پێوە نەمێنێ، ئەوکات سکی هەڵدڕین ئەگەر شیری تیابو بەشیر خنکاوە گەر سرکەی تیابو کەوتۆتە ناوسرکەکە.

تەواوی ئامادەبوان ئافەرینیان لێکردو پیاوەکەش ناچار هەزاردینارەکەی داو ملی شوڕ کرد، باڵولیش وەکو بڕیاری دابوو بەناو هەژاراندا بەخشییەوە.

## باڵول و هارون

هارونە رەشید بەمەبەستی حەجکردن لەبەغداد چوە دەر، کاتێ گەیشتە کوفە خەڵکی بۆ بینینی لەدەوری کۆبونەوە، هارونە رەشید بەشکۆمەندییەوە سواری وڵاخەکەی بو بەناو خەڵکەکەدا گەڕا. لەناکاو باڵول لەناو خەڵکەکەوە بانگی کرد:

–هارون، هارون.

هارونە رەشید بەپیاوەکانی خۆی وت:

–ئەوە کێیە وا بەبێ ئەدەبی بانگمان ئەکات؟ وتیان:

-قوربان بالۆڵە.

هـارون پـەردەی کەژاوەکـەی لاداو رویکـردە ئـەو لایـەی بالۆڵ بانگی ئەکرد، بالۆڵ وتی:

-لەکوڕی عەبدوڵلای عامرییەوە ئەگێڕنـەوە: پێغەمبـەری خودا(د..خ) لەکاتی بەرد هاویشتن، کە یەکێکە لەئەرکەکانی حەجکردن هیچ دژایەتیەکی لەکۆبونەوەی خـەڵك نـەدەکردو داوای دورکەوتنەوەی لەکەس نـەدەکرد. بەوپـەڕی نـەرمی و دوور لـە لەخۆبایبونـەوە لەگـەڵیان ئەجولایـەوە، ئـەمڕۆش ئەبینین خەلیفە بۆ ئـەو سـەفەرە پـیروزە بـەچ منەتێکـەوە هەنگاو ئەنێ.

قـسەکانی بـالۆڵ کاریگەرییـەکی وا لەسـەر هـاورن دانـا دەستی کردە گریان، بەجۆرێك فرمێسکەکانی کەوتنـە سـەر زەوی و زەوی تەڕکردو ئافەرینی لەبالۆڵ کردو داوای لێکرد ئامۆژگاری بکات.

بالۆڵ وتی:

-ئـەی خەلیفـە خوداوەنـد هێـزو گـەورەیی و دەسـەلاتی

بەتۆ بەخشیوە بەوانە بایی مەبە هەمیشە خودات لەبیر بێ، نەکەی بەوتەی پڕوپوچی دەوروبەرت بایی بیت و خودات لەبیر بچێ چونکە دوای مردنت ئەوانەی دەروبەرت سود لەبەخشندەیی تۆ نابینن و لەتوڕەیی تۆش ناترسن، کەواتە ئاگات لەگوناهەکانی خۆت بێ و خۆت بپارێزە لەتاوان و خراپەکاری و زۆر لەژێردەستەکانت مەکە تا لەریزی پیاوچاکاندا بیت.

هارون وتی:

-ئافەرین باڵوڵ فەرمانیدا پاداشتێکی بدەنێ.

باڵوڵ وتی:

-من پێویستم بەپاداشتی تۆ نیە، پاداشت بەکەسانێ بدە کە پێویستیان پێیەتی.

باڵوڵ سەری بۆ ئاسمان بەرزکردەوەو وتی:

"خودایە ئێمە هەردووکمان بەندەی تۆین چۆن ئەبێت ئەو ببینن و من لەبیرکەن؟



Scanned with CamScanner

## پرسیاری هارونەرەشید لەباڵوڵ

رۆژێـك هارونـە رەشـید کـە مەسـتی بـادەبوو، لەکـەناری روباری دیجلەدا وەستابوو تەماشـای شـەپۆلەکانی دیجلـەی دەکرد، لەوکاتەدا باڵوڵ هاتـە لای، هارونەرەشـید مەسـتانە بەخێرهاتنی لێکردو فەرمانی پێدا دانیشێ، پاشان پێی وت:

–ئـەمڕۆ پرسـیارێکت لێدەکـەم ئەگـەر وەڵامـی راسـتت دایەوە ئەوا هەزار دیناری زێڕت ئەدەمێ، ئەگـەر نەیشتزانی فەرمان ئەدەم بتخەنە روباری دیجلەوە. باڵوڵ وتی:

–من پێویستم بـەپارە نیـە، ئەگـەر وەڵامەکـەم راسـتبوو ئەوا ئەبێ سەد کەس لـەهاوڕێیانی مـن کـە لای تـۆ زینـدانن ئـازاد بکـەیت، ئەگـەر نەیـشمزانی ئـەوا بمخـەرە نـاو روبارەکەوە.

هارون رازیبوو وتی:

–ئەگـەر گورگێـك و مـەڕێك و باوەشـێك گیامـان هـەبێ بمانـەوێت یـەك یـەك بیـان بەینـە ئەوەبـەرەوە، ئایا بـەچ

شێوەیەك نەگورگەکە مەڕەکە بخوات نەمەڕەکەش گیاکە بخوات ئەتوانین بیبەینە ئەوبەرەوە؟

باڵولّ وتی:

-سەرەتا ئەبیّ مەڕەکە ببەینە ئەوبەرو پاشان بگەڕێنەوە گیاکە ببەین، چون گیاکەمان بردۆتە ئەوبەر ئەبیّ لەوسەرەوە مەڕەکە لەگەلّ خۆمان بهینینەوەو لەمەبەرەوە داینێین پاشان گورگەکە لەگەلّ خۆمان ببەینە ئەوبەر، دووبارە بگەڕینەوە مەڕەکەش ببەین، ئەوکات یەك یەك بردومانە نەگورگەکە مەڕەکە ئەخوات نەمەڕەکەش گیاکە ئەخوات.

هارون وتی:

-ئافەرین وەڵامی راستت دایەوە.

پاشان باڵولّ ناوی سەد کەس لەهاوڕێکانی دا بەهارون، کاتیّ هارون ناوی ئەوانی بیست لەبەڵێنەکەی پەشیمان بوەوە تەنها دە کەسی لیّ ئازاد کردن.



Scanned with CamScanner

## داوا ئامۆژگاری کردنی هارون لەباڵولْ

ئەگێڕنەوە کە هارونە رەشید لەشوێنێکەوە تێ ئەپەڕێ باڵولْ ئەبینی سوار دارێك بوەو لەگەڵ منداڵان یاری ئەکات. هارون بانگی ئەکات. باڵولیش دێتە پێش و ئەڵێ:

–چیت پێویستە؟

هارون وتی:

–ئامۆژگاریم بکە.

باڵولْ وتی:

–لەبەسەرهاتی خەلیفەکانی پێشوو گۆڕەکانیان پەند وەرگرە، ئەوە خۆی لەخۆیدا ئامۆژگارییەکە، چونکە تۆ ئەزانی ئەوانیش سەردەمانێك لەنازو نیعمەتی ژیان و ئەو کۆشك باڵەخانانەدا بوون و ئێستا لەباوەشی خاکدان، بەهەزاران ئاهو ناڵەی پەشیمانی لەو تاوانانەی کە کردویانە، ئەوەش بزانە چارەنوسی ئێمەش وەك ئەوانە.

هارون لەقەسەکانی باڵولْ دڵی لەرزی و وتی:



Scanned with CamScanner

-چیبکەم تا خودام لێرازیبێ؟

بالۆلٚ وتی:

-کردارێك ئەنجام بدە کە خەڵکانی خودا لەتۆ رازیبن، ئەوەی کە بۆ خۆت پێت ناخۆشە بۆ ئەوانیش پێت ناخۆش بێ، گوێ لەناڵەی زوڵم لێکراوان بگرەو بەسەرنجەوە بۆیان بڕوانەو دادپەروەرانە بڕیار بدە.

هارون وتی:

-ئافەرین بۆ تۆ بالۆڵ، پەندێکی جوانت دادام فەرمان ئەدەم پاداشتت بدەنەوە. بالۆلٚ وتی:

-حاشا من پاداشتم ناوێ چونکە ئەوەی لەناو دەستی تۆدایە ماڵی خەڵکیەو دادپەروەرانە بۆیان بگێڕەوەو هیچ مەدە بەمن. هارون وتی:

-پێویستەکی دیکەت نیە؟ بالۆلٚ وتی:

-پێویستی من هەر ئەوەیە بەئامۆژگارییەکانم هەڵس و کەوت بکەیت، بەڵام بەداخەوە خۆشیەکانی دونیا بەجۆرێ

تـۆی لەخـشتەبردوە کـە ئامۆژگارییـەکانی مـن هـیچ کاریگەرییـەکیان بەسـەرتەوە نیـە پاشـان دارەکـەی ژێـری هێنایە جوڵەو وتی:

–دوورکەوە تا ئەسپەکەی من لەقـەت لێ نـەدات، پاشـان بەئەسپە دارینەکەی کەوتە غارغارێن.

## باڵولْ و جونەیدی بەغدادی

جونەیدی بەغدادی یـەکێ بـوە لـەپیاوە نـاو دارەکـانی شـاری بەغـداد، ئـەو بـەپیاوێکی زانـاو پایەبـەرز ناسـرابوو. ڕۆژێـک یـەکێك لەقوتابیـەکانی باسـی کـارە سەرسـوڕ هێنەرەکانی باڵوڵی کرد. جونەید لێی پرسی:

–ئەزانی باڵولْ کێیە؟ ئەویش وتی:

–بەڵێ شێتێکی بێ جێگەو ڕێیەو شوێنی دیاری نیە.

جونەید وتی:

–زۆر حەز دەکەم باڵولْ ببینم و گوێ بیستی قسەکانی بم، باڵولم بۆ بدۆزنەوە ئەمەوێت قسەی لەگەڵ بکەم.



Scanned with CamScanner

قوتابییەکانی جونەید هەموو شوێنێك بەدوای بالۆڵدا گەڕان تا لەقەراغی شاردا دۆزییانەوەو پێیان وت:

-مامۆستاکەمان داوای تۆ ئەکات. بالۆڵ وتی:

-مامۆستاکەتان کاری بەمنە بابێت بۆ لای من.

کاتێ جونەید ئەمەی بیست وتی:

- وەڵلاهی بالۆڵ راست دەکات.

جونەید خۆی هەستاو چو بەدوای بالۆڵدا گەڕاو هەندێ لەقوتابییەکانیشی لەگەڵی رۆشتن، گەڕان تا لەبیابانێك دۆزییانەوە تەماشایان کرد لەسەر زەوی خەوتوەو سەری خستۆتە سەر بەردێکو خەریکی بیرکردنەوەیە.

جونەید و قوتابییەکانی سڵاویان لێکرد، بالۆڵ وەڵامی دانەوەو هەستا لەبەریان ئەوانیش لای دانیشتن. کاتێك دانیشتن بالۆڵ پرسی:

-ئێوە کێن؟ ئەویش وتی:

-من جونەیدی بەغدادیم. بالۆڵ وتی

-ئیشت چییە؟ جونەید ئاماژەی بۆ قوتابیەکانی کردو وتی:

-کاری من فێرکردنی خەڵکیە.

باڵولْ پێکەنی و وتی:

-خۆت ئەزانی بەجوانی خواردن بخۆیت. جونەید بەو پەڕی بڕوا بەخۆبونەوە وتی:

-بەڵێ. سەرەتا بەناوی خودا دەست پێدەکەم و لەبەردەمی خۆمەوە ئەخۆم، هێواش هێواش خواردنەکە ئەخۆم، بەجوانی خواردنەکە لەناو دەممدا ئەجوم، پاشان قوتی ئەدەم، تەماشای خواردنی کەسی تریش ناکەم، دوای هەموو پارویەك سوپاسی خودا ئەکەم، پیش دەست پێکردن و دوای تەواو بونیش دەستەکانم جوان ئەشۆم.

باڵولْ هەستایە سەر پێ و وتی:

-چۆن ئامۆژگاری خەڵك ئەکەیت ئەی مامۆستا کە خۆت بەجوانی ئادابی خواردن نازانی؟

جونەید بیری لەقسەکانی ئەکردەوە یەکێ لەقوتابیەکانی

وتی:

-مامۆستا ئەم پیاوە شێتە.

جونەید بڕوای پێ نەکردو وتی:

-وا نازانم ئەو پیاوە شێت بێ، تەنانەت ئەگەر شێتیش

بێ ئەبێ گوێ لەقسەکانی بگرین.

بالۆڵ ویستی بڕوات جونەید بانگی کرد:

-من پێویستم بەتۆیە؟ بالۆڵ وتی:

-پیاوێك نەزانێ بەجوانی خواردن بخوات، ئادابی

قسەکردن لەکوێ ئەزانێ؟ جونەید وتی:

-بەڵێ ئەزانم، بەپێێ پیویست نەبێ قسەناکەم، قسەیەك

هەق نەبێ نایکەم کاتێ کەسێ قسە ئەکات گوێ بۆ ئەگرم،

بەپێی قسەکانی کەسەکە هەڵدەسەنگێنم.

بالۆڵ لەسەر ڕۆشتنەکەی بەردەوام بو، یەکێ

لەقوتابیەکانی جونەید بانگی کرد:

-راوەستە جونەید قسە بۆتۆ ئەکات. بالۆڵ ئاوڕێکی لەجونەید دایەوەو وتی:

-پێم بڵێ تۆ کەنازانی نان بخۆیت و قسە بکەیت، چیت لەمن ئەوێ؟

قوتابیەکانی جونەید چاوەڕوانی شتی وایان نەدەکرد، یەکیان وتی:

-بینیت مامۆستا وتمان ئەو پیاوە شێتە، لەوە زیاتر چی لەو پیاوە شێتە چاوەڕوان ئەکەیت؟

جونەید وتی:

-ئەگەر شیتیش بێ ئەبێ ئێمە گوێ بۆ قسەکانی بگرین.
جونەید کەوتە دوای بالۆڵ بالۆلیش هەوڵی ئەدا دور بکەوێتەوە، جونەید بانگی کردو وتی:

-پێویستیەکم پێت هەیە.بالۆڵ وتی:

-پێویستی چی پیاوێ کەنەزانێ نان بخوات و قسەم لەگەڵ بکات.



Scanned with CamScanner

جونەید وتی:

–من شتی زۆر ئەزانم. بالۆڵ وتی:

–پێم بڵێ ئادابی نوستن ئەزانی؟ جونەید وتی:

–بەڵێ. بالۆڵ وتی:

– چۆن ئەنوی بۆم رونکەوە. جونەید سەری نایە سەر زەوی و وتی:

–پاش نوێژی شێوان خەوتنان، دۆعای خێر دەکەم پاشان بەرگی نوستن ئەپۆشم، وەپاشان.......) بەم جۆرە جونەید بۆ بالۆڵ رون ئەکردەوە، بەڵام نەیتوانی بالۆڵ رازی بکات وتی:

–کەواتە ئادابی نوستنیش نازانی. ئەمەی وت و ویستی بڕوات، هەندێ لەقوتابیەکانی جونەید زۆر توڕە بون ویستیان بدەن لەبالۆڵ، جونەید رایکرد بەدوای بالۆڵدا و وتی:

–من جونەیدی بەغدادیم و هیچ نازانم داوات لێدەکەم

لەبەر خوا فێری چاکەم بکە.

باڵوڵ وەستاو پێکەنی و وتی:

–سەرتا وتت زانام بۆیە منیش لێت دورکەوتمەوە ئێستا که دەڵێی نەزانم منیش فێرت ئەکەم.

باڵوڵ لەسەر بەردێك دانیشت و داوای لەجونەید کرد ئەویش لەسەر بەردێك لەلایا دانیشێ، پاشان وتی:

–لەبرت چو لەکاتێ خواردندا ئەبێ بەشێك بخۆی، وە ئەبێ ئەوەی کە ئەیخۆی حەڵاڵ بێ چونکە گەر پارویەکی حەرام لەگەرت بچێتەخوار دڵت رەش ئەکات. جونەید گەشایەوەو وتی:

–خوا پاداشت بداتەوە فێرت کردم.

پاشان باڵوڵ وتی:

–لەئادابی قسەکردنیش ئەبێ دڵت خاوێن بێ و قسەکانت لەبەر رەزای خوادا بێ و دوربێ لەهەواو هەوەسی شەیتانی چونکە لەڕۆژی دوایدا زیانەومەندت ئەکات، ئەمانەت لەبیر

نەبوو لەئادابی قسەکردن.

جونەید هەستا لەسەر بەردەکەو چوەبەردەم بالۆڵ هەردوو دەستی خستە سەر ئەژنۆی و وەکو قوتابیەك وتی:

–ئەوەی تۆ فێرت کردم لەپێش تۆدا لەهیچ کەسم نەبیستوە. پاشان دەستی خستە سەر سینگی و وتی:

–خۆشەویستم ئادابی نوستنیشم فێربکە.

بالۆڵ وتی:

–تۆ شتە لاوەکیەکان فێر بوی بەڵام راستیەکەی ئەوەیە نابێ دڵت بەدونیاوە بەستبێ‌و چاوت لەماڵی کەس بێ و ئەبێ دوعای خێر بۆ سەرکەوتنی موسڵمانان بکەیت تا ئەوکاتەی چاوت ئەچێتە خەو.

پاشان بالۆڵ لەسەر زەوی هەستاو جونەیدیش دەستەکانی ماچکردو وتی:

–راستیت نیشان دام داواکارم لەپەروەردگار چاکە بهێنێتە رێت و پاداشتت بداتەوە.



Scanned with CamScanner

## ئامۆژگاری کردنی فەزڵی کوڕی رەبیع

ئەگێڕنەوە کە رۆژێ فەزڵی کوڕی رەبیع وەزیری هارونە رەشید، بەرێگایەکدا ئەڕۆشت بالۆلی بینی سەری داژەندبوو بیری ئەکردەوە، ئەویش بەگاڵتە پێکردنەوە بانگی کرد:

-هێ بالۆڵ چی ئەکەی؟

بالۆڵ سەری بەرزکردەوەو بینی فەزڵ لەگەڵ ئەویەتی، ئەویش وتی:

-بیر لەسەر ئەنجامی تۆ ئەکەمەوە، تۆش وەکو جەعفەری بەرمەکی گرفتار ئەبی.

بالۆڵ کاتێ ئەمەی بیست دڵی لەرزی و وتی:

-بالۆڵ سەر ئەنجامی جەعفەرم بیستوە بەڵام پێم خۆشە بەسەرهاتی کوشتنەکەی لەتۆوە ببیستم، ئەتوانی بەبێ کەم و زیاد بۆ باسبکەی؟

بالۆڵ وتی:

-لەسەردەمی خەلافەتی مەهدی کوڕی مەنسور یەحیای

کوڕی خالیدی نوسەرو بەردەستی هارونە ڕەشید، ماوەیەکی زۆر هارونە ڕەشید پەیوەندییەکی خۆشەویستی زۆری لەگەڵیان هەبو، ئەوەندە بڕوای پێیان هەبوو، خوشکەکەی (عەباسە)ی پێدان، بەڵام پەیمانی لێ وەرگرتن بەهیچ جۆرێ دەستکاری نەکەن.

بەڵام پاش ماوەیەك جەعفەر سەرپێچی ئەم فەرمانەی کردو دەستکاری عەباسەی خوشکی هارونی کرد، کاتێ هارون ئەوەی بیست لەو کردارە زۆر توڕە بوو بەجۆرێکی وای هەموو سۆزو خۆشەویستیەکەی گۆڕا بەرق و توڕەیی، بەهەموو جۆرێ هەوڵی ئەدا جەعفەرو بەرمەکیەکان لەناو ببات، تا شەوێك داوای لەیەکێ لەپیاوەکانی بەناوی مەنسور کردو وتی:

–ئەمشەو ئەمەوێت سەری جەعفەرم بۆ بهێنی. مەنسور لەو فەرمانە دڵی لەرزی و سەری شۆڕ کردەوەو هیچی نەوت.

هارونی پێی وتی:

–بۆچی وا مات و مەلولی بیر لەچی ئەکەیتەوە؟ مەنسور وتی:

–کارێکی گەورەو گرانە بریا زوتر بمردمایەو وەها فەرمانێکت بەسەرمدا دانەدایە.

هارون وتی:

–ئەگەر فەرمانەکەم جێ بەجێ نەکەی ئەکەویتە بەر رق و تورەییم بەجۆرێکی وا ئەتکوژم باڵندەکانی ئاسمان بۆت بگرین.

مەنسور ناچا بو رۆشت بۆ ماڵی جەعفەرو فەرمانەکەی پێ راگەیاند، جەعفەر پێی وت: "لەوانەیە کاتێ خەلیفە ئەم فەرمانەی دابێ ئاگای لەخۆی نەبوبێ و رەنگە ئەگەر هۆشیار بێتەوە لەفەرمانەکەی پەشیمان بێتەوە، لەبەر ئەوە داوات لێدەکەم بگەڕێتەوەو فەرمانی کوشتنەکەم بەخەلیفە راگەیەنی، ئەگەر تا بەربەیان لەکوشتنەکەم پاشگەز نەبوو ئەوا من سەری خۆمت ئەخەمە بەردەست بیدە بەر شمشێر.

مەنسور نەیتوانی داواکەی ئەو قبوڵ بکات بۆیە بەجعفەری وت:

-من تۆ لەگەڵ خۆم ئەبەم بۆ لای هارون ئەگەر پەشیمان بو ئەوا باشە ئەگەرنا ئەدەم لەسەرت.

پێکەوە هاتنە کۆشکی هارون، جەعفەر لەدوورەوە وەستاو مەنسور چوە لای هارون، هارون پرسی:

-مەنسور چیت کرد؟ ئەویش وتی:

-قوربان وا جەعفەرم هێناوە لەبەر دەرگایە. هارون بەتوڕەییەوە وتی:

-مەنسور ئەگەر تۆزقاڵێك لەجێبەجێکردنی فەرمانەکەم درەنگ بکەیت، ئەوا بەر لەجەعفەر سەری تۆ ئەپەڕێنم.

کاتێ مەنسور بینی پەشیمانی لەخەلیفەدا بەدی ناکرێ، گەڕایەوە لای جەعفەرو شمشێری هەڵکێشا سەری ئەو کوڕە جوانەی لەجەستەی جیا کردەوەو بردیە بەردەم هارون، خەلیفە بەوەشەوە نەوەستا فەرمانیدا تەواوی بەرمەکیەکان

لەناوببەن دەس بگرن بەسەر ماڵ و سامانیان و سەرزی جەعفەر لەبەر دەروازەی شار بکەن بەداردا و پاش چەند ڕۆژێ بیسوتێنن.

ئێستا ئەی فەزڵ لەسەر ئەنجامی تۆش ئەترسم، ئەترسم تۆ بەدەردی جەعفەر گرفتار بی.

فەزڵ لەقسەکانی باڵوڵ زۆر ترساو داوای لەباڵوڵ کرد دۆعای خێری بۆ بکات.

## چیرۆکی مزگەوت دروستکردنی فەزڵی کوڕی ڕەبیع لەبەغداد

ئەگێڕنەوە کە فەزڵی کوڕی ڕەبیع لەناو شاری بەغداد مزگەوتێکی دروست ئەکرد، ڕۆژێک کە بڕیار بو تابلۆی مزگەوتەکە هەڵبواسن و ناوی بنێن، فەزڵ پرسیاری ئەکرد: بەچ ناوێکەوە مزگەوتەکە ناو بنێن؟ وا ڕێکەوت باڵوڵ لەوێدا ئامادەبو، لەفەزڵی پرسی:

—ئەم مزگەوتەت بۆ کێ دروستکردوە؟ فەزڵ وەڵامی

داوە:

-بۆ خوا. بالۆڵ وتی:

-ئەگەر بۆ خودات دروستکردوە ناوی خۆتی مەخەرە سەر.

فەزڵ تورە بوو وتی:

-بۆچی ناوی خۆمی نەخەمەسەر ئاخر خەڵکی ئەبێ بزانن کێ ئەم مزگەوتەی دروستکردوە؟

بالۆڵ وتی:

-دەی لەسەر تابلۆکەی بنوسە ئەمە مزگەوتی بالۆڵە.

فەزڵ وتی:

-هەرگیز شتی وا نانوسم.

بالۆڵ وتی:

-کەواتە ئەم مزگەوتەت بۆ خۆ دەرخستن دروستکردوە.

فەزڵ لەوەڵامەکەی بالۆڵ تورە بو بێدەنگ بو، پاشان وتی:

-بالۆڵ هەرچی وت ئەوە بنوسن.

پاشان بالۆڵ فەرمانیدا ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی لەسەر بنوسن.

## بالۆڵ و دز

ئەلێن رۆژێک بالۆڵ پێڵاوی تازەی لەپێ کردبو چوە مزگەوت تا نوێژ بخوێنێ، لەوناوەدا پیاوێکی بینی زۆر بەوردی تەماشای پێڵاوەکانی ئەکات، زانی چاوی تێ بڕیوەو ئەیەوێت بیدزێ، ناچار بەپێڵاوەکانەوە نوێژی دابەست، کابرای دزە وتی:

–نابێ بەپێڵاوەوە نوێژ بکەیت. بالۆڵ وتی:

–ئەگەر نوێژەکە نەبێ خۆ پێڵاوەکە ئەبێ.

## پرسیاری هارون لەبالۆڵ

رۆژێ بالۆڵ لەناو کۆشک لای سەروی هارونەوە دانیشتبو، هارون لەوکارەی زۆر تورەبو ویستی بەهەر جۆرێ بوە بالۆڵ رسوا بکات، بۆیە وتی:

–پرسیارێك لەبالۆڵ ئەکەم، ئایا ئەتوانی وەلامم



Scanned with CamScanner

بدەیتەوە؟

بالۆلْ وتی:

-ئەگەر مەرجەکەت زۆر نالایەق نەبێ و ئامادەم.

هارون وتی:

-ئەگەر خێرا وەڵامی پرسیارەکەمت دایەوە ئەوا هەزار دیناری زێڕت ئەدەمێ، ئەگەر نەیشتوانی وەڵام بدەیتەوە فەرمان ئەدەم، ریش و سمێڵت بتاشن و سواری گوێدرێژت بکەن و بەرسوایی بتگێڕن.

بالۆلْ وتی:

-من پێویستم بەزێڕ نیە بەڵام بەمەرجێك ئامادەم وەڵامی پرسیارەکەی تۆ بدەمەوە. هارون وتی:

-مەرجەکەت چییە؟

بالۆلْ وتی:

-بەمەرجێك وەڵامت ئەدەمەوە ئەگەر زانیم لەئێستە بەدواوە نەهێڵی مێش و مێشولە بەمنە بنیشێت. هارون

خولەکێك بێدەنگ بو پاشان وتی:

–ئەوە کارێکی ئەستەمە چونکە مێش و مێشولە گوێڕایەڵی من نین. باڵوڵ وتی:

–ئەگەر کەسێك لەبەرامبەر مێشولە بێدەسەڵاتبێ ئیدی چاوەڕوانی چی لێدەکرێ؟ ئامادەبوان لەقسەو بوێری باڵوڵ سەریان سوڕما، هارونیش لەبەرامبەر وەڵامەکەی باڵوڵدا سەری لێشێوابو، باڵوڵ تێگەیشت کە هارون دەست و پێی خۆی ونکردوە بۆیە بۆ رزگارکردنی لەو قەیرانە وتی:

–ئێستا ئامادەم بەبێ مەرج وەڵامت بدەمەوە. پاشان هارون وتی:

–ئەو دارە کامەیە کە یەك ساڵ تەمنیەتی و دوازدە پەلی هەیەو هەر پەلەی سی گەڵای هەیە رویەکی هەر گەڵایەك تاریکەو روەکەی تر روناکە؟

باڵوڵ خێرا وەڵامی داوە:

–ئەو دارە ساڵ و مانگ و رۆژ و شەوە، چونکە

هەرساڵەو دوازدە مانگە هەر مانگەو سی ڕۆژە کەنیوەی شەوەو نیوەی ڕۆژە.

هارون وتی:

–ئافەرین باشت زانی. ئامادەبوانیش ئافەرینی باڵوڵیان کرد.

## بەخیشنی خەلیفە بەباڵوڵ

ڕۆژێ هارونە رەشید بڕێك پارەی دا بەباڵوڵ تا لەنێوان هەژاراندا بیبەخشێتەوە، باڵوڵ پارەکەی لەخەلیفە وەرگرت و پاش ماوەیەك دایەوە بەخەلیفە. هارون پرسی:

–هۆی ئەمکارە چییە؟ باڵوڵ وتی:

–هەرچەن بیرم کردەوە لەخەلیفە هەژارترم نەبینی لەبەر ئەوە دامەوە بەخەلیفە. چونکە ئەبینم کارمەندەکانی تۆ بەزۆر ماڵیات لەدوکاندارەکان ئەسێنن و لێیان ئەدەن، پاشان ئەیهێنن بۆ خەزێنەی تۆ، کەواتە تۆ لەهەمو کەسێ زیاتر پێویستت بەپارەیە.

## باڵوڵ و هارون

ڕۆژێ هارونە ڕەشید بەباڵوڵی وت:

-گەورەترین نیعمەتی خودا کامەیە؟

باڵوڵ وەڵامی داوە:

-گەورەترین نیعمەتی خودا ژیرییە( عەبدوڵڵای ئەنصاریش) لەپاڕانەوەیەکدا ئەڵێ:"خودایە ئەوەی کە ژیریت پێداوە چیت پێ نەداوە، ئەوەی کە ژیریت پێ نەداوە چیت پێداوە؟

وە دەڵێن باڵوڵ درێژەی پێداو وتی:

-خودا کاتێ نیعمەتەکان لەکەسێ ئەسێنێتەوە سەرەتا ژیری لێ ئەسێنێ، چونکە ژیریی لەسەرو هەموو شتێکەوەیە، بەداخەوە خوداوەند ژیری لەمن سەندەوە.



Scanned with CamScanner

## باڵۆلّ و دز

ئەگێڕنەوە کە دەرگای ماڵەکەی باڵۆلّ خراپ بوو، لەپەنای ماڵەکەیدا دوکانی پینەچییەك هەبوو، کە پەنجەرەی پینەچیەکە لەسەر ژووری گەنجینەکەی باڵۆلّ بوو.

باڵۆلّ هەر پارەیەکی هەبوایە لەو ژوورەدا ئەیکرد بەژێر خۆڵەوەو هەرکات بیویستایە لێی دەر ئەهێناو هەرچەندی پێویست بوایە هەڵی ئەگرت و باقیەکەی ئەکردەوە بەژێر خۆڵەوە.

وارێکەوت رۆژێك زۆر پێویستی بەپارە بوو، چوەوە ژوورەکەو گەڕا بەڵام پارەکەی نەدۆزییەوە، تێگەیشت پینەچیەکە پارەکەی دزیوە، چونکە پەنجەرەکەی لەسەر ئەو ژوورەیەو لەکاتی شاردنەوەی بینیویەتی، بەبێ ئەوەی دەنگە دەنگ دروستبکات چوە لای پینەچیەکەو دانیشت، هەوڵیدا کەم کەم باسەکە دامەزرێنێ و بەجۆرێك سەرگەرمی بکات و قسەی لێ دەربێنێ و وتی:

"هاورێیێ خۆشەویست ئەمەوێت حساباتێکم بۆ بکەی.

پینەچی وتی:

–فەرموو. بالۆلێ وتی:

–ناوی چەند شوێنێکت پێدەڵێم کە پارەم شاردۆتەوە پێت ئەڵێم بۆم حسابکە... لەگەڕەکی .... ئەوەندەو.. لەگەڕەکی .... ئەوەندە... ناوی چەندین گەڕەکی برد لەهەرگەڕەکەو بڕێك پارەی باسکرد.... کاتێ تەواو بوو پینەچی خێرا لەدڵی خۆیدا ژماردی و وتی:

–ئەو پارانەی کە ژماردی کردیە ١٠٠٠ لیرە. بالۆلێ وتی:

–زۆرباشە هاورێی خۆشەویست تۆ پێت چۆنە بچم هەموو کۆ بکەمەوەو بیهێنم لێرە لەماڵەکەی خۆم بیکەم بەژێر خۆڵەوە.

پینەچی وتی:

–کارێکی باش ئەکەی. بالۆلێ وتی:

–زۆرباشە ئەچم هەموو ئەوپارانەی لەوجێگانە



Scanned with CamScanner

شاردومنەتەوە کۆیان ئەکەمەوە ئەیانهێنم لەم ماڵەدا ئەیکەم بەژێر خۆڵەوە، خۆ تۆش پێت باشە؟

پینەچی وتی:

–بەڵێ هەر لەو جێگای کە پارەت لێشاردۆتەوە هەمووی بکە بەژێر خۆڵەوە. باڵول وتی:

–کەواتە بەقسەت ئەکەم ئەچم تەواوی پارەکانم کۆدەکەمەوەو ئەیهێنم لێرە هەر لەو جێگایەدا ئەیشارمەوە، ئەمەی وت و خێرای پینەچیەکەی بەجێ هێشت.

پینەچیەکە لەدڵی خۆیدا وتی واباشە بچم ئەوپارەیەی کە لەژێر خاکدا دەرمهێناوە بیخەمەوە جێگای خۆی، کاتێ پارەکانی تری هێنا ئەوسا هەمووی پێکەوە ببەم.

لەسەر ئەم بڕیارە پارەکەی هەڵگرت و خستیەوە شوێنی خۆی. باڵول پاش کەمێك گەڕایەوە بینی پینەچی پارەکانی خستۆتەوە شوێنی خۆی. ئەویش پارەکانی هەڵگرت و سوپاسی خودای کردو ئەوماڵەی چۆڵ کرد، پینەچی هەرچی چاوەڕوانی هاتنەوەی باڵول‌و شاردنەوەی پارەکانی

ئەکرد بێ سود بو تێگەیشت باڵوڵ ئەوی فریودا.

## باڵوڵ و میری کوفە

ئیساحق کوڕی محەمەد کوڕی صەباح میری کوفەبوو، ژنەکەی ئەو کچێکی بوو، لەبەر ئەوە میر خەوو خۆراکی نەبو، غەم و پەژارە دایگرتبوو. باڵوڵ کاتێ ئەم هەواڵەی بیست چوە لای و وتی:

–ئەی میر خەم خەفەتت لەبەر چییە؟ میر وەڵامی داوە:

–من حەزم ئەکرد کوڕمان بوایە بەڵام بەداخەوە ژنەکەم کچی بەدونیا هێناوە. باڵوڵ وەڵامی داوەو وتی:

–ئایا پێت خۆشبوو خوداوەند لەباتی ئەوکچە جوان تەندروستە کوڕێکی شێت و نوقسانی وەك منی پێ ببەخشیتایە؟

میر بەبێ ویست کەوتە پێکەنین و سوپاسی خودای کردو نان و خۆراکی خواردو ڕێگەیدا خەڵك بێن و پیرۆزبایی لێبکەن.



Scanned with CamScanner

## باڵوڵ و وەزیر

ڕۆژێ وەزیر بەباڵوڵی وت:

–خەلیفە تۆی بەکەڵەشێرو ورچ ناوبردوە.

باڵوڵ وتی:

–کەواتە لەم کاتەوە ئێوە لەژێر فەرمانی مندان دەبێ مریشك و مێینە گوێڕایەڵی من بن.

هەموو ئەوانەی لەگەڵ وەزیردا بوون لەوەڵامی باڵوڵ کەوتنە پێکەنین و وەزیر زۆر خەجاڵەت بوو.

## چیرۆکی بڕیاردانی باڵوڵ لەناو دادگای قازیدا

ئەگێرنەوە لەشاری بەغدا بازرگانێك هەبوو بەدەستپاك و ئامان پارێز خاوەن ویژدان ناوی دەرکردبوو، زۆر هاوکاری خەڵکی شارەکەی خۆی دەکرد، هەموو ئەوشتانەی پێویست بوون لەدەرەوە بیان هێنی، ئەیهێناو بەقازانجێکی زۆرکەم بەخەڵکی ئەفرۆشتەوە. لەبەرئەوە خۆشەویستیەکی زۆری لەناو خەڵکەکەدا بۆ خۆی بەدەست هێنابوو، هەموو خەڵکی

شارەکە بڕوایەکی تەواویان پێی هەبوو. تەنها کەسێك هەبوو رەقیبی بوو، ئەویش بازرگانێکی جولەکەی زۆر خراپ و بەد رەوشت بوو. ئەم پێچەوانەی ئەوبوو هەموو خەڵکی رەقیان لێی بوو، ئەو شت و مەکانەی لەشاردا نەبوون و ئەو بیهێنایە بەقازانجێکی زۆر بەخەڵکی ئەفرۆشتەوە.

هەرکام لەبازرگانەکان پارەی پێویست بوایەو داوای لێبکردایە سودێکی زۆری ئەخستە سەرپارەکەو مەرجی زۆری لەسەر دائەنان.

وا رێکەوت بازرگانە بەویژدانەکە پێویستی بەپارەبوو، هاتە لای بازرگانە جولەکەکەو داوای قەرزی لێکرد، جولەکەکە چونکە لەدڵەوە رقی لێی بوو وتی:

–من بەمەرجێك پارەت ئەدەمێ ئەبێ سەنەدی یاسایم بدەیتێ تا کاتی دانەوەی پارەکەم نەتوانی ئەملاولا بکەی، ئەگەر نەتوانی پارەکەت بدەیتەوە بتوانم لەهەر شوێنیکی جەستەت بمەوێت گوشتی لێبکەمەوە.

بازرگانەکە چونکە ئابڕوی لەمەترسیدابوو بەمەرجەکەی

رازیبوو، سەنەدی یاسایی دایە دەستی، لەناو سەنەدەکە نوسرابو گەر ئەو نەیتوانی پارەکە بداتەوە جولەکە بۆی هەیە پارچەیەك گوشت لەهەر شوێنێکی بیەوێت بیکاتەوە.

لەقەزای رۆژگار وا رێکەوت بازرگانە پیاوچاکەکە نەیتوانی پارەکەی لەکاتی خۆیدا بداتەوە، جولەکەکەیش کە لەخوای ئەیوست رۆژێکی وا بێتە پێش.

جولەکە کاتێ هەلێکی وای بۆ رێکەوت کابرای بردە لای قازی و سەندی نیشاندا، بەپێی ئەو سەنەدە قازی دەستەوەستان بو، ئەبوایە بازرگانی دەستپاك جەستەی بخستایەتە بەردەستی جولەکە تا هەر کوێیەکی پێی خۆشە بیبڕی، جولەکەکەش لەبەر ئەو رق و قینەی لەدڵیابو بەرامبەری ئەوشوێنەی ئەبڕی کە ببێتە هۆی مردن و لەناوچونی، قازیش رۆژانە دادگایی دوا ئەخست تا بەڵکو هەرچۆن بوە جولەکە لەبڕیاری خۆی پاشگەز بێتەوە.

بەڵام جولەکە دەستبەردار نەبوو، هەموو رۆژێ بەڵگەکەی دەر ئەهێناو داوای مافی رەوای خۆی ئەکرد، ئەم



Scanned with CamScanner

باسە لەناو تەواوی خەڵکی بەغدادا بڵاو بویەوە هەموو خەڵکی دڵیان بۆ حاڵی تاجرەکە ئەسوتا بەڵام هیچ دەسەڵاتیان نەبوو، ئەم هەواڵە گەیشتە باڵوڵ خێرا خۆی گەیاندە هۆڵی دادگاو گوێ بۆ قسەی هەردوو بازرگانەکە گرت و وتی:

–تۆ بەپێی ئەو بەڵێنەی کەداوتە ئەبێ جەستەت بخەیتە بەردەستی ئەو جولەکە تا پارچەیەك گۆشتی جەستەت ببڕێ، لەبەر ئەوە هەرچیت هەیە بۆ بەرگری لەخۆت بیلێ.

پیاوە بازرگانەکە رویکردە قازی و وتی:

–تەنها لەروی ناچارییەوە ئەو بەڵێنەم داوە. باڵوڵ وتی:

–جەنابی قازی ئەتوانم ببمە پارێزەری ئەو بازرگانە؟ قازی وتی:

–بەڵێ ئەتوانی هەر بەرگرییەکت پێ ئەکری بیکە. باڵوڵ لەنێوان بازرگانەکەو جولەکەدا دانیشت و وتی:

–هەڵبەت بەپێی ئەو بەڵگەیە ئەم جولەکەیە مافی



Scanned with CamScanner

ئـەوەی هـەیـە لەهـەر شـوێنێکی جەسـتەی ئـەم پیاوە کـە بیەوێت بیـبڕێ، بـەڵام ئـەبێ لەشـوێنێکی ببڕێ یـەك دڵۆپ خـوێنی نـەڕژێت گـەر وای نـەکرد ئـەوا پیـاوە جولەکـە بەکوشـندە ئەناسـرێ و ئـەبێ هەرچی مـاڵ و دارایـی هەیە بخرێتە خەزێنەی دەوڵەتەوە.

قازی لەبەرگری رەوای بـاڵۆڵ سـەری سـوڕماو ئافـەرینی لێکرد، جولەکە ناچار بەبڕیاری قازی رازیبـوو کـەوا هـەرچی پارەی داوە بەبازرگانەکە وەریگرێتەوەو ئیدی کۆتایی هات.

## بەهەشت فرۆشتنی باڵۆڵ

رۆژێك باڵۆڵ لەقـەراغی رووبارێـك خـەریکی دروسـتکردنی خانۆچکەی قوڕین بوو، چـونکە کـارێکی نـەبو وەکـو منـداڵ یاری ئەکرد، لەوکاتەدا زوبێدەی ژنی هارونە رەشید لـەوێوە تێپەڕی و هەرکە باڵۆڵی بینی لێی پرسی:

-باڵۆڵ ئەوە خەریکی چیت؟ باڵۆڵ وەڵامی داوە:

-بەهەشت دروستدەکەم. زوبێدە پرسی:

–ئەو بەهەشتەی کە دروستت کردوە ئەیفرۆشی؟ بالوڵ وتی:

–بەڵێ ئەیفرۆشم. زوبێدە وتی:

–بەچەندی ئەفرۆشی؟ بالوڵ وتی:

–بەسەد دینار.

چونکە ژنەکەی هارون ئەیویست لەو ڕێگەوە هاوکاری بالوڵ بکات، خێرا بەخزمەتکارەکەی وت کە سەد دیناری بداتێ، ئەویش پارەکەی دا بەبالوڵ. بالوڵ وتی:

–ئەی سەنەدت ناوێ؟ زوبێدە وتی:

–بینوسەو بیهێنە ئەمەی وت و ڕۆشت، بالوڵ پارەکەی بەناو فەقیرو هەژاراندا دابەش کرد.

هەمان شەو زوبێدە لەخەودا بینی باخێکی زۆر گەورەو کۆشکێکی شاهانەی لەزێڕ دروستکراو کا تا ئەوکاتە لەبێداریدا نەیدیبوو، ئاوێکی ڕۆشن و جوان بەناویدا تێ ئەپەڕی حەوزو کانیاوێکی ڕازاوەو جوان لەگەڵ چەندەها



Scanned with CamScanner

کەنیزو خزمەتکارو هەموو پێداویستیەک، تاپۆکەیان دایە دەستی کە بەئاوی ئاڵتون نوسرابوو پێیان داو وتیان:

-ئەمە ئەو بەهەشتەیە کەلەباڵۆڵت کڕی.

زوبێدە لەخەو راپەڕی و لەخۆشیدا خەریکبوو شای مەرگ ئەبوو، تەواوی خەوەکەی بۆ هارونە رەشید گێڕایەوە.

بەیانی رۆژی دواتر هارون ناردی بەدوای باڵۆڵدا، هەرکە باڵۆڵ هات پێی وت:

-ئەمە سەد دینار وەریگرە یەکێ لەوماڵانەی بەزوبێدەت فرۆشتوە بیفرۆشە بەمنیش. باڵۆڵ قاقا پێکەنی و وتی:

-زوبێدە نەبینراو کڕی تۆ بیستوتە ئەمجا ئەیکڕی بەڵام بەداخەوە بۆ تۆ نەماوە..

## توڕەبوونی هارون لەباڵۆڵ و بەخشینی

ئەگێڕنەوە کەهارون رەشید کەسێک ئەکات بەجاسوس بەسەر باڵۆڵەوە، تا بزانێ چی ئەکات و خەریکی چییە.



Scanned with CamScanner

کابراش بەتەواوی چاودێری ئەکات و پاشان دێتەوە بۆ لای هارون و ئەڵێ:

-باڵولّ لەشوێنەکەوتوانی جەعفەری کوڕی محەمەدە.

هارون باڵوڵی بانگکردو وتی:

-بیستومە تۆ لەدۆستان و لایەنگری جەعفەری کوڕی محەمەدی، ئەوەش دەزانی من دوژمنایەتیم هەیە لەگەڵی، کەواتە بەتەواوی خۆت شێت کردوە؟

باڵولّ وتی:

-ئەگەر لەلایەنگرانی ئەوبم چی ئەکەی؟

هارون لەو وەڵامە زۆر توڕبوو، فەرمانیدا جلەکانی لەبەر داکەنن و کورتانێکی کەری بخەنە سەر پشت و لغاویش بخەنە دەمی و بەناو کۆشك و باغدا بیگەڕێنن تا هەموان بیبینن.

جلەکانی باڵوڵیان داکەندکورتانیان خستە سەر پشتی و لغاویان خستە ناو دەمی و بەناو کۆشکدا گێڕایان پاشان

هێنایانەوە بۆ لای هارون.

لەوکاتە جەعفەری بەرمەکی لای هارون بوو کاتێ باڵولی بەوحاڵەوە بینی پرسی:

-باڵولێ چیت کردوو وایان بەسەرهێناوی؟ باڵولێ وەڵامی داوە:

-چونکە قسەی هەقم کرد خەلیفە بڕیاریدا جوانترین جل و بەرگی خۆیم پێشکەش بکات.

لەم وەڵامەی باڵولێ خەلیفەو هەموو دانیشتوان و جەعفەریش کەوتنە پێکەنین، هارون باڵولی بەخشی و فەرمانیدا کورتان و لغاوەکەی لێ بکەنەوەو جوانترین جل و بەرگی بدەنێ، بەڵام باڵولێ قبولی نەکردو جل و بەرگەکەی خۆی پۆشی و کۆشکی هارونی بەجێ هێشت.

**باڵولێ و نانی جۆو سرکە**

ئەگێڕنەوە باڵولێ زۆرترین کاتەکانی لەگۆڕستان دائەنیشت، ڕۆژێك وەکو پیشەی خۆی چوبو بۆ گۆڕستان.

هارونەڕەشیدیش لەوێوە ئەچو بۆ ڕاو كاتێ باڵوڵی بینی پرسی:

-لێرە چی ئەكەی؟ باڵوڵ وەڵامی داوە:

-هاتووم بۆ ناو ئەم خەڵكە كە نەغەیبەتی خەڵك ئەكەن و نەداوای شتێكم لێدەكەن و نەكەس ئازار ئەدەن. هارون وتی:

-ئایا ئەتوانی لەڕۆژی دوایی و پر سیاری ناو گۆڕو ئەو دونیا شارەزام كەی؟ باڵوڵ وتی:

-بەپیاوەكانت بڵێ تا ئاگرێكی گەروە بكەنەوەو تاوەیەكی بخەنەسەر تا جوان سور ئەبێتەوە. هارون فەرمانی بەپیاوەكانی دا ئاگرێكیان كردەوەو تاوەیەكیان خستە سەر تا جوان سور بوەوە.

باڵوڵ وتی:

-ئەی هارون من بەپێی پەتی لەسەر ئەو تاوەیە ئەوەستم و خۆم ئەناسێنم هەرچیم خواردەو هەرچیم



Scanned with CamScanner

پۆشیوە باسیدەکەم، پاشان دەبێ تۆش وەکو من بەپێی پەتی بچیتە سەر تاوەکەو هەرچیت خواردوەو هەرچیت پۆشیوە باسی بکەی. هارون رازیبوو.

باڵوڵ چوە سەر تاوەکەو بەخێرایی وتی:

-من باڵوڵ خواردنم نانی جۆ سرکە پۆشاکم جبە.ئەمەی وت و بەخێرایی بەبێ ئەوەی قاچی بسوتێ دابەزی. کاتێ نۆبەی هارون هات هەرکە ویستی خۆی بناسێنێ خەریك بوو قاچی بسوتێ خێرا دابەزی. باڵوڵ وتی:

-ئەی هارون پرسیارو وەڵامی ئەو دونیاش بەو جۆرەیە هەرکەس لەخواترسەو دوورە لەماڵی دونیاو پلەو پایە خێرا ئەتوانێ وەڵام بداتەوە، ئەوانەشی خەریکی ئارەزوو دونیاو بازین گرفتار ئەبن.

## باڵوڵ و ئامۆژگاریکردن

ئەگێڕنەوە کەوا باڵوڵ بەڕێگەیەکدا ئەڕۆشت پیاوێکی بینی غەریبەو دۆش داماوەو ئاه و ناڵەیەتی، باڵوڵ لێی نزیك



Scanned with CamScanner

بوەوەو سڵاوی لێکردو وتی:

-ئایا ستەمێکت لێکراوە ئاوا شین و زاری ئەکەی؟

پیاوەکە وتی:

-من غەریبم خەڵکی ئێرە نیم چەند ڕۆژێکە بۆ گەشت و سەیران لەشارەکەی خۆم دەرچووم گەیشتمە ئێرە وتم با بچمە گەرماو کەمێك پشوو بدەم، بڕێك پارەو ئاڵتونم پێی بوو لای پیاوێکی دوکاندار بەئامانەت دامنا وتم با لێم نەدزن ئێستا چومە لای کابرا کەچی جنێوی ناشیرینی پێدام منیشی بەشێت لەقەڵەمدا. باڵوڵ وتی:

-خەفەت مەخۆ من شتەکانت بۆ وەر ئەگرمەوە ئەتدەمەوە بەڵام ناونیشانی ئەو دووکاندارەم بدەرێ. کاتێ کابرا ناونیشانەکەی دا باڵوڵ کابرای ئەناسی، بەکابرای وت:

-سبەی لەو سەعاتەدا وەرە من لای ئەو دائەنیشم بەڵام بەهیچ جۆری لەگەڵ من قسەمەکەو بەکابرا بڵێ شتەکانت بداتێ.

خێرا باڵوڵ چوە لای کابرای دووکاندار و پێی وت:

-نیازم وایە گەشتێك بۆ خۆراسان بکەم، هەندێ پارەم هەیە لەگەڵ بڕێك زێڕدا ئەگەر بیخەملێنی بایی سێ هەزار دینار ئەبێ، ئەمەوێت لای تۆ بەئامانەت دای بنێم تا ئەگەر بەساغی گەڕامەوە لێت وەرگرمەوە ئەگەر نەگەڕامەوە تاماوەیەك لای خۆت دایبنێ پاشان وەکیلی منبە، زێڕەکەش بکە بەپارەو مزگەوتێکی پێ دروست بکە.

کابرای دووکاندار زۆر خۆشحاڵ بوو وتی:

-بەسەرچاو چ کاتێ ئامانەتەکە ئەهێنی؟ باڵوڵ وتی:

-سبەی کاتژمێر ئەوەندە پاشان ڕۆشت کیسەیەکی پڕ کردە لەتەنەکەو بەردو وردە شوشەو دەمەکەی بەست و لەهەمان کاتژمێردا چوە دوکانەکە کابرای خاوەن دووکان هەرکە کیسەکەی بینی وایزانی پارەو زێڕەکەی تیایە زۆر دڵخۆش بوو، لەوکاتەشدا کابرای غەریب خۆی کرد بەدووکانەکەداو داوای سپاردەکەی خۆی کرد.

کابرای دووکاندار خێرا رویکردە شاگردەکەو وتی:

-بڕۆ سپاردەی ئەم پیاوە لەفلانە شوێندایە بیهێنەو

بیدەرەوە.

شاگردەکە خێرا ڕۆشت سپاردەکەی هێنایەوەو دایە دەست کابرا، کابرا خێرا ڕۆشت دۆعای خێریشی بۆ باڵوڵ کرد.

## هارون و پیاوی فێڵباز

ئەگێڕنەوە کە فێڵبازێك دێتە کۆشکی هارونە ڕەشیدو خۆی بەگەشتیار ئەناسێنێ.

هارونە ڕەشید دەربارەی ئاڵتون و زێڕو گەوهەری ئەو ناوچانەی ئەوی پیا ڕۆشتوە پرسیاری لێدەکات تا دەگاتە ئاڵتون و زێڕو زیوی هیندوستان.

ئەو پیاوە فێڵبازە بەجۆرێ باسی خشڵ و ئاڵتونی هندوستانی کرد خەلیفە نەدیدە عاشقی ئەوانە بوو.

ئەو پیاوە بەهارونی وت:

—لەهیندوستان دەرمانێکیان دروستکردوە هیزو توانای لاوی ئەگێڕێتەوە بۆ مرۆڤ بەئەندازەیەك پیاوی شەست ساڵە



Scanned with CamScanner

ئەکاتەوە بەیست ساڵە.

خەلیفە بەجۆرێك ئاشقی قسەی ئەو پیاوە فێڵبازە بوو لەباسکردن نایەت بۆیە خێرا بەکابرای وت:

-چەند پارە پێویستە تا ئەو دەرمانەم بەدەست بکەوێت؟

پیاوەکە وتی:

-پەنجا هەزار دینارە پێویستە بۆ بەدەست هێنانی ئەو دەرمانەو هەندێ لەو ئاڵتونانە.

هارون پەنجا هەزار دیناری دا بەپیاوەکەو ناردیەوە تا لەو دەرمانەی بۆ بهێنێ.

خەلیفە تا ماوەیەك هەر چاوەڕوان بوو، بەلاّم هەواڵێك لەکابرا نەبوو، ئەوبابەتە خەلیفەی زۆر ئازار ئەدا هەرکات بیری ئەکەوتەوە خەم و خەفەت دای ئەگرت، ڕۆژێ کە جەعفەری بەرمەکی و چەند کەسێك لەوێ بوو باسی ئەو پیاوە هاتە ناو باسەکان.



Scanned with CamScanner

خەلیفە وتی:

-ئەگەر ئەو پیاوەم بەردەست ئەکەوت جگە لەوەی پارەکەم دە قات لێ ئەسەندەوە سەریشیم لەلاشە جیا ئەکردەوەو بەدەروازەی شاری بەغدادا هەڵم ئەواسی. باڵوڵ قاقا پێکەنی و وتی:

-ئەی هارون تۆو ئەوپیاوە فێڵبازە وەك کەڵەشێرو ڕێوی پیرەژنتان بەسەرهاتوە. هارون وتی:

-چیرۆکی ڕێوی و کەڵەشێرو پرەژن چیە بۆمان باسکە. باڵوڵ وتی:

-ئەگێڕنەوە هەڵۆیەك کەڵەشێری پیرەژنێ ئەگرێ و ئەیبا، پیرەژن دوای هەڵۆکە ئەکەوێ و ئەڵێ فریامکەون ئەو هەڵۆیە کەڵەشێرە هەشت کیلۆییەکەمی برد. هەڵۆکە وەستاو لەدڵی خۆیدا وتی:"ئەو پیرەژنە بۆ درۆ ئەکات ئەم کەڵەشێرە ئەوەندە نابێ کەئەو ئەڵێ، ڕێویەك بەلایاندا تێپەڕی و لەهەڵۆکەی پرسی:

-بۆ وا دۆش داماوی چیت بەسەر هاتوە؟ هەڵۆکە وتی:



Scanned with CamScanner

–ئەم کەڵەشێرە ئەوەندە نابێ کە ئەو پیرەژنە ئەڵێ.

ڕێویەکە وتی:

–ئادەی دایگرە زەوی با من وەزنی بکەم. کاتێ کەڵەشێر کەوتە زەوی ڕێوی پڕی پیاکردو فڕاندی و وتی:

–بەپیرەژن بڵێی دوو ئەوەندەی کە خۆی ئەڵێ لەسەر منی حساب کات.

## هارون و ڕاوچی

ئەگێڕنەوە کە لەیەکێك لەجەژنەکاندا هارونە ڕەشید لەگەڵ زوبێدەی خێزانی دانیشتبوون پێکەوە شەتڕەنجیان ئەکرد. بالوڵ هاتە ئەوێ و لایان دانیشت و تەماشای یاریەکەیانی ئەکرد، لەوکاتەدا ڕاوچییەك هات و کەوتە زەوی و قاچی خەلیفەی ماچکردو ماسییەکی گەورەی بۆ خەلیفە هێنابوو.

هارون ئەو ڕۆژە سەرخۆش بوو فەرمانیدا چوارهەزار درهەم پاداشت بدەن بەڕاوچییەکە. زوبێدە ڕەخنەی



Scanned with CamScanner

لەوکارەی خەلیفە گرت و وتی:

-ئەو پارەیە زۆرە، چونکە تۆ دەبێ پارەی سوپاش بدەی ئەوانیش گەر بزانن چوارهەزارت داوە بەراوچییەك بەکەمتر رازی نابن گەر کەمتریان بدەیتێ ئەڵێن لای خەلیفە بەئەندازەی راوچییەك گرنگیمان نیە، ئەگەر لەوەش زیاتریان بدەیتێ، خەزێنەی تۆ پاش ماوەیەك خاڵی دەبێ.

هارون قسەکانی لا پەسەند بوو وتی:

-باشە چی بکەم. زوبێدە وتی:

-راوچییەکە بانگ بکە بڵێ ماسیەکەت نێرە یان مێ، ئەگەر وتی" مێیە" بڵێ بەکەڵکی ئێمە نایەت. ئەگەر وتیشی نێرە دیسان بڵێ بەکەڵکی ئێمە نایەت، ئەوکات ناچار دەبێ ماسییەکە هەڵگرێ و پاداشتەکە دابنێ.

باڵوڵ بەهارونی وت:

-فریوی ژن مەخۆ، واز لەراوچییەکە بێنە. بەڵام هارون رازی نەبوو راوچییەکەی بانگ کرد، کاتێ راوچییەکە گەڕاوە



Scanned with CamScanner

هارون وتی:

-ماسییەکەی تۆ نێرە یان مێ؟

راوچی دانەویەوەو قاچی خەلیفەی ماچکردو وتی:

-گەورەم ئەم ماسییە نەنێرەو نەمێ بەڵکو نێرە موکە.

هارون لەم وەڵامەی راوچی خۆشی هات و فەرمانیدا چوار هەزار درهەمی دیکەی بدەنێ، راوچی پارەکەی وەرگرت و رۆشت کاتێ گەیشتە پلەکان و ئەچوە خوارەوە درهەمێکی لێکەوت، راوچی دانەویەوە هەڵیگرتەوە، زوبێدە بەهارونی وت:

-ئەم پیاوە چەن چاوچنۆکە تەنانەت واز لەیەك درهەمیش ناهێنێ.

هارون رقی لەوکارەی کابرا بوو دیسان بانگی کردەوە بالۆلێ پێی وت" واز لەو راوچییە بێنە" هارون رازی نەبوو دیسان بانگی کردوەو وتی:

-چەندە چاوچنۆکی ئامادە نەبوو لەو هەموو پارەیە



Scanned with CamScanner

درهەمێك بکەوێتە دەست پاسەوانەکان.

راوچی دیسان دانەویەوە قاچی خەلیفەی ماچکردو وتی:

-من چاوچنۆك نیم، بەڵکو کاتێ پارەکەم لێکەوت بینیم ڕوویەکی پارەکە ئایەتی قورئانی پێوەیەو ڕوویەکی تری وێنەی خەلیفەی لەسەرە ئەگەر لەسەر زەوی بمێنێتەوە رەنگە بکەوێتە ژێر پێ، ئەمەش دوورە لەئەدەب.

خەلیفە دیسان لەقسەکانی راوچی خۆشی هات، فەرمانیدا چوارهەزار درهەمی تری بدەنێ و بەبالۆڵی وت:

-من لەتۆ شێت ترم چونکە تۆ وتت فریوی ئەم ژنە مەخۆ من وازم نەهێناو هەمووشی بوە زیان بۆم.

## پرسیاری هارون دەربارەی ئەمین و مەئمون

ئەگێڕنەوە ڕۆژێ بالۆڵ چوو بۆ کۆشکی هارون، لەنیوەی رێدا هارونی بینی، هارون لەبالۆڵی پرسی:

-بۆ کوێ ئەچی؟ بالۆڵ وتی:

-هاتم بۆ لای تۆ. هارون وتی:



Scanned with CamScanner

-من ئەچم بۆ خوێندنگە سەرێك لەکوڕەکانم بدەم(ئەمین و مەئمون) ئەگەر پێت خۆشبێ ئەتوانی لەگەڵم بێیت.

باڵولێ رازییوو لەگەڵی رۆشت بۆ خوێندنگە بەڵام لەوکاتەدا کوڕەکانی هارون مۆڵەتیان لەمامۆستا وەرگرتبوو بۆ چەند خولەکێك چوبونە دەرەوە.

هارون دەربارەی کوڕەکانی پرسیاری لەمامۆستاکە کرد، مامۆستا وتی:

-ئەمین کە کوڕی زوبێدەیە عەرەبە زۆر بێ هۆش و تەمەڵە، بەڵام بەپێچەوانەوە مەئمون زۆر زیرەك و وشیارە.

هارون بڕوای نەکرد.

مامۆستا کاغەزێکی خستە ژێر جێگەکەی مەئمون و بەردێکیشی خستە ژێر جێگەی ئەمین، پاش چەند خولەکێك ئەمین و مەئمون گەڕانەوەو چونە ژوورەوە هەرکە چاویان بەباوکیان کەوت بەڕێزەو سڵاویان کردو هەرکامیان چونە جێگەی خۆیان دانیشتن. هەرکە دانیشتن ئەمین کەوتە بیرکردنەوە تەماشاکردنی سەقفی خانوەکە. مامۆستا

پرسی:

-ئەوە بیر لەچی ئەکەیتەوە؟ مەئموون وتی:

-لەوکاتـەوە ئێمـە چـوینەتە دەرەوە ئـەم ژوورە بەئەنـدازەی کاغـەزێك یـان زەویەکـەی بـەرز بۆتـەوە یـان سەقفەکەی دابەزیوە. مامۆستا رویکردە ئەمین و وتی:

-ئەی تۆ هەست بەچی ئەکەی؟ ئەمین وەڵامی داوە:

-شتێك نیە شایەنی باس بێت من هەست بەهیچ ناکەم.

دووبارە مامۆستا هەردووکیانی ئیزندا، کاتێ ئەوان چونە دەرەوە بەهارونی وت:

-سوپاس بۆ خوا بەئامادەیی خۆت قسەکانی من سەلما. هارون وتی:

-باشە هۆکاری ئەوە چییە؟ باڵوڵ وتی:

-ئەگەر رێگەم هەبێ من وەڵام ئەدەمەوە. هارون وتی:

-هەرچیت پێ خۆشە بیلێ. باڵوڵ وتی:

-زیرەکـی و توانـای منـداڵ لەسـەر دوو شـتە. یەکـەم

ئەوەی باوك و دایك بەعیشقە یەکتری لەئامێز بگرن و بەدڵ یەکتریان خۆش بوێت تێکەڵی یەك بن، ئەوکات هەر منداڵێکیان بێ زیرەك و وشیار ئەبێ، دووەم ئەگەر ژن و مێرد لەیەك نەتەوەو خوێن بن منداڵەکانیان زیرەك و وشیار نابن، بەپێچەوانەوە گەر نەژادیان جیابێ ئەوا منداڵەکانیان زیرەك و وشیار ئەبێ، ئەمەش لەناو روەکیشدا بەو جۆرە گەر دارێك پێوەند بکەی لەدارێکی تر ئەوا میوەی ئەو لقەی کەوا پەیوەند کراوە زۆر گەش و جوان ئەبێ.

لەبەر ئەوەیە کەوا ئەمین توانای زیرەکی نیە چونکە تۆو زوبێدەخان هەردووکتان عەرەبن و لەیەك نەژادن، مەئمون کەوا زیرەك و وشیارە هی ئەوەیە دایکی نەژادی جیاوازە لەگەڵ خەلیفەو خوێنیان جیاوازە.

خەلیفە پێکەنینی بەقسەکانی بالۆڵ ئەهات و وتی:

-لەشێتێك لەوە زیاتر چاوەڕوان ناکرێ. بەڵام مامۆستاکە لەدڵەوە بڕوای بەقسەکانی بالۆڵ هێنابو بەتەواوی هاوڕا بوو لەگەڵی



Scanned with CamScanner

## گفتوگۆکردنی باڵوڵ

ڕۆژێك کابرایەك هاتە لای باڵوڵ و وتی:

ئیمام جەعفەر سێ شتی وتوە بۆ من جێگەی بڕوا نیە.

یەکەم: ئەڵێت شەیتان لەوە دونیا بەئاگری دۆزەخ عەزاب ئەدرێت، ئاخر شەیتان خۆی لەئاگر دروستکراوە چۆن ئەکرێت بەئاگر عەزاب بدرێت.

دووەم: ئەڵێ خودا نابینرێت، ئەگەر شتێکیش نەبینرێت کەواتە نیە.

سێیەم: سەرچاوەی کارەکان خودا خۆیەتی، کەواتە بەندە هیچ دەسەڵاتێکی نیە هەرکارێك ئەکات خودا پێی ئەکات، ئیدی بۆچی عەزاب بدرێت کە تاوانبار نیە.

هەرکە کابرا قسەکانی تەواو بوو باڵوڵ کلۆ کلێکی هەلگرت و بۆی هەڵدا، بەر ناوچەوانی کابرا کەوت و ئازارێکی زۆری پێ گەیشت باڵوڵ هەڵهات، خەڵك دوای کەوتن و گرتیان بردیان بۆ لای خەلیفەو رووداوەکەیان بۆ



Scanned with CamScanner

باسکرد. بالۆلٚ وتی:

کابرا بانگ بکەن ئەوکات بۆتان روندەکەمەوە.

بالۆلٚ بەکابرای وت: لەلایەن منەوە هیچ ئازارێکت پێ گەیشتووە؟

کابرا وتی: کلۆیەکت بەناوچەوانی مندا کێشاو سەری من ئازاری پێ گەیشت. بالۆلٚ وتی: ئەتوانی ئازارم پێ نیشان بدەی؟ کابرا وتی:

ئازار چۆن نیشان ئەدرێت؟ بالۆلٚ وتی: خۆت وتت شتێك نەبینرێت کەواتە بوونی نیە نەتووت ئیمام ئەڵی خودا هەیە و کەچی ناشبینرێت کەواتە نیە، جگە لەوەش تۆ درۆ ئەکەیت کە ئەڵێی ئازارم پێ گەیشتوە خۆت لەگڵ دروستکراوی کەچی بەگڵ ئازارت پێ ئەگات؟ جگە لەوەش تۆ هەڵە ئەکەیت هاتووی شکات لەمن ئەکەیت، چونکە من ئەوکارەم بەویستی خودا کردوەو من هیچ دەسەڵاتێکم نییە. کابرا کە لەقسەکانی بالۆلٚ گەیشت زۆر خەجاڵەت بوو هەستاو شوێنەکەی بەجێ هێشت.



Scanned with CamScanner

## پرسیارو وەڵامی هارون و باڵوڵ

ئەگێڕنەوە کاتێ هارون بەنیاز بوو بچێت بۆ حەج، باڵوڵ لەسەر رێگاکەی وەستابوو چاوەڕوان بوو تا هارون گەیشت ئەوکات سێ جار بەناوی خوی بانگی هارونی کرد.. خەلیفە پرسی خاوەنی ئەو دەنگە کێیە؟

وتیان:

- بالۆڵە شێتە. هارون باڵوڵی بانگکردو پرسی:
- من کێم؟ باڵوڵ وتی:

تۆ ئەوکەسەی ئەگەر لەرۆژ هەڵاتەوە تاوانێك بکرێت خودا سزات ئەدات، هارون دەستیکردە گریان وتی: راستدەکەیت ئێستا لەپاداشتی ئەوەدا شتێك لەمن داوابکە. باڵوڵ وتی:

-داوات لێدەکەم من بخەیتە بەهەشتەوە، هارون وتی:

-ئەوەیان بەدەست من نیە، بەڵام ئەگەر قەرزاری من بۆت ئەدەمەوە. باڵوڵ وتی:



Scanned with CamScanner

–قـەرز بەقـەرز چارەسـەر ناکرێـت، تـۆ پـارەی خـەڵك لەبەردەستایە ئایا تاوانبار نابی پارەی خەڵك بدەی بـەمن؟

هارون وتی:

– فـەرمان ئـەدەم مووچـەت بـۆ ببڕنـەوە بـۆ ئـەوەی تـا کۆتایی تەمەنت بەئاسودەیی بژیت. بالۆل وتی:

–ئێمە هەموومان بەندەی خوداین ناکرێ خـودا رۆزی تـۆ بدات و منی لەبیر بچێ.

## پاداشتی هارون بە باڵۆل

رۆژێك هاروون فەرمانیدا پاداشتێك بـدەن بـەبالۆل، کـاتێ پێیاندا وەریگرت و وتی:

– باشـە ئەیگەڕێنمـەوە بـۆ خاوەنەکـەی، مـاڵ ئـەبێ بـۆ خاوەنەکەی بگەڕێتەوە تا هەق بۆ خاوەن هەق بگەڕێتـەوە. کاتێ ئـەوەیان گێڕایـەوە بـۆ هـاروون دەسـتی کـردە گریـان لەجێی خۆیدا لەرزی و قسەکانی بالۆلی راستاند.



Scanned with CamScanner

## کاریگەری نزای باڵول

ئەگێڕنەوە کابرایەکی دەشتەکی وشترەکەی نەخۆشکەوتبوو پێیان وتبوو رۆنی گەرچەکی لێبدات، کابرا سواری وشترەکەی بوو،لەنزیکی شار باڵولی بینی چون پێشتر پێکەوە دۆست بوون بەباڵولی وت:

-وشترەکەم توشی نەخۆشی بووە ئەڵێن رۆنی گەرچەکی لێبدەم چاك ئەبێتەوە، بەڵام من بڕوام وایە ئەگەر تۆ دوعای بۆ بکەیت چاك ئەبێتەوە. باڵول وتی:

-ئەگەر رۆنی گەرچەك بکڕیت و لێی بدەیت و منیش دۆعای بۆ بکەم چاك ئەبێت ئەگینا دۆعا بەتەنیا هیچی پێ ناکرێت.

## ئامۆژگاری کردنی عەبدوڵلای موبارەك لەلایەن باڵوڵەوە

ئەگێڕنەوە کە عەبدوڵلا بەمەبەستی بینینی باڵول رۆشت بۆ دەشت، کاتێ باڵولی بینی بەسەری رووت و پێ پەتی هەر اللە یەتی و خەریکی گریانە، عەبدوڵلا چوە



Scanned with CamScanner

پێشەوە سڵاوی کردو ئەویش وەڵامی سڵاوەکەی دایەوە

عەبدوڵڵا وتی:

-ئامۆژگاریم بکە تا لەم دونیا پڕ لەگوناهو تاوانە سەرکەشی نەکەم بەڵکو بەهۆی پیرۆزی تۆوەوە واز لەتاوانەکانم بهێنم.

بالۆڵ وتی:

-ئەی عەبدوڵڵا خۆم سەرگەردان سەرگەشتەم، چاوەڕوانی چی لەمن ئەکەن، ئەگەر من عاقڵ بومایە خەڵك بەشێت بانگیان نەدەکردم، قسەی شێت چ کاریگەرییەکی هەیە تا ئێوەی عاقڵ داوای لێبکەن.

عەبدوڵڵا وتی:

-یا شێخ شێت ئاگای لەکاری خۆیەتی و قسەی راست لەشێتەوەیە. بالۆڵ بێدەنگ بوو عەبدوڵڵا دووبارە تکای لێکردەوەو کە تکا دەکەم نا ئومێدم مەکە.

من بەهێوای تۆوە هاتووم:



Scanned with CamScanner

**ئەگەر کوێرێك لەسەر چاڵێ دی**

**بێدەنگ دانیشی گوناهبار ئەبی**[1]

من لەروی بڕوای تەواوە هاتووم تا رێگەم نیشان بدەی تۆش بێدەنگ دانیشتووی؟

باڵوڵ وتی:

–ئەی عەبدوڵڵا سەرەتا چوار بەڵێن بەمن بدە کە لەقسەی ئەم شێتە دەر نەچی، ئەوکات من ئامۆژگارییەکە ئەکەم ببێتە هۆکاری رزگار بوونت. وتی:

– ئەو چوار مەرجە چییە بڵێ تا بەڵێن بدەم. باڵوڵ وتی:

–مەرجی یەکەم ئەوەیە بەڵێن بدە ئەو رۆژەی کە تاوان ئەکەیت رۆزی خودا نەخۆیت. عەبدوڵڵا وتی:

–ئەی رۆزی کێ بخۆم؟ باڵوڵ وتی:

– تۆ پیاوێکی ژیری رۆزی خوداش ئەخۆیت و لەفەرمانیشی دەر ئەچی؟ خۆت بڕیار بدە رەوایە؟ عەبدوڵڵا

[1] دەربڕینی وەرگێڕە



Scanned with CamScanner

وتی:

- جوانت فەرموو رازیم. بالۆڵ وتی:

-مەرجی دووەم ئەوەیە هەرکات ویستت لەخودا یاخی بی لەسەر زەوی ئەو مەمێنە. عەبدوڵلا وتی:

- ئەمەیان لەیەکەم قورسترە چون هەموو جێگایەك هینی خودایە ئەی بۆ کوێ بڕۆم؟ بالۆڵ وتی:

-دەی شەرم بکە کە رۆزیت هینی خودایەو ئەوەی لەسەری ئەژیت هەر هی خودایە کەچی گوێڕایەڵی فەرمانەکانی نابیت. پاشان وتی:

- مەرجی سییەم چییە؟ بالۆڵ وتی:

-مەرجی سێیەم ئەوەیە ئەگەر ویستت تاوانێك ئەنجام بدەی هەوڵبدە خۆت بشاریتەوە تا خودا نەتبینێت، ئەوکات هەرچیت پێ خۆشە بیکە. عەبدوڵلا وتی:

-ئەمەیان لەهەموویان قورسترە چونکە خودا لەهەموو جیگایەك هەیەو هەمووشتێ ئەبینێ، چۆن ئەتوانم خۆمی لێ



Scanned with CamScanner

بشارمەوە. بالۆلْ وتی:

-تۆ پیاوێکی ژیری کاتێ ئەزانی کە خودابینەرو بیسەرو خاوەنی هەموو جێگایەکە، کەواتە ئەبێ شەرم بکەی کاتێ ئەزانی کە ئەو خاونی هەموو جێگایەکەو توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیەو هەموو شتێك ئەبینێ، ئیدی بۆچی لەفەرمانی یاخی ئەبێ، لەگەلْ ئەوەشدا خۆت بەبەندەی خودا ئەزانی، لەگەلْ ئەوەشدا خودا خۆی فەرمویەتی: (گوومانتان لەوە نەبێ کەخودا ئاگای لەزوڵمی زاڵمان نەبێ)

عەبدوڵڵا وتی:

-راستەکەیت، مەرجی چوارەمم پێ بڵێ. بالۆلْ وتی:

-مەرجی چوارەم ئەوەیە کاتێ کەفریشتەی مەرگ هاتە لات تا گیانت بکێشێ، ئەوکات داوای لێبکە کەوا مۆڵەتت بدات تا سەردانی خزمەکانت بکەیت و داوای گەردن ئازادیان لێبکەیت و تۆێشوی کۆتایت هەلگری و ئەوکات گیانت بکێشێ.

عەبدوڵڵا وتی:

–ئـەم مەرجـەش لەهـەموو گـرانترە کـەی فریـشتەی مـەرگ مۆڵەت بەمرۆڤ ئەدات. باڵوڵ وتی:

–ئەی پیاوی عاقـڵ تـۆ ئـەوەش دەزانـی کـاتێ مـەرگ هـات ئیدی مۆڵەتێك نامێنێ، ناتوانی بەهیچ جۆرێك لـەخۆتی دوور بخەیتەوە تەنانـەت بـۆ چرکەیەکیش، هـەر وەکـوو خـودای گـەورەش ئەفـەرموێت:(کـاتێ ژیانیـانی کۆتـایی دێـت ئەساتێك پێش ئەکەوێ نەدوا ئەکەوێ) کەواتە ئەی عەبدوڵڵا قسە لەم شێتە وەرگرەو لەخەوی بێ ئاگایی بەئاگا بێرەوە.

واز لـە غـروورو نـەفامی بێنـە، لـەبیری ئاخیرەتـدا بـە، کـاتێ رێگەیـەکی دوو درێـژت لەبەردەمدایـە لـەم تەمەنـە کورتـەت تۆیـشو کۆبکـەرەوە، کـاری ئـەمڕۆت مەسـپێرە بەسـبەی، لەوانەیە سبەی نەیەت بۆت، هەر ئێستا هەوڵبـدە توێشوی خۆت هەڵگری، سبەی لەوێ پەشیمانی دادی کـەس نـادات. عەبدوڵڵا کاتێ گوێ لەم قسانەبوو سـەری شـوڕ کردبـوەوە، باڵوڵ فەرموی:

–عەبدوڵڵا تۆ داوات لـەمنی شـێت کـرد کـە ئامۆژگارییـەکت



Scanned with CamScanner

بکەم، بەکەڵکی ئاخیرەتت بێ، ئەی بۆچی سەرت شۆڕ کردۆتەوە؟ لەرۆژی پەسڵان بەتوندی پرسیارت لێ ئەکرێت ئەی چی وەڵام ئەدەیتەوە؟ گەر ئەمرۆ کاری ئەم دونیات بەپاکی بەڕێوە بچێ، سبەی بەئارامی وەڵام ئەدەیتەوە.

عەبدوڵڵا وتی:

–یا شێخ قسەکانی تۆم بەگیان و دڵ بیست و مەرجەکانیشم قبوڵە، داوات لێدەکەم بهێڵی ببمە موریدت.

بالۆڵ وتی:

–ئەی عەبدوڵڵا مرۆڤ ئەبێ هەرچی بکات لەژێر فەرمانی بەدیهێنەریدا بێ، هەرچی ئەڵێ و هەرچی ئەکات بەفەرمانی ئەو بێت.

## چوونە گەرماوی بالۆڵ و هارون

رۆژێ خولیفە لەگەڵ بالۆڵدا چوون بۆ حەمام، لەرێگا خەلیفە بەگاڵتەوە بەبالۆڵی وتی:

–ئەگەر من بەندە بومایە چەندم ئەکرد؟



Scanned with CamScanner

بالۆڵ وتی: پەنجا دینار.

خەلیفە توڕە بوو وتی:

–شێتە تەنیا کەواکەی بەرم بایی پەنجا دینارە.

بالۆڵ وتی:

–ئاخر منیش تەنها نرخی کەواکەم وت، ئەگینا خەلیفە هیچ نرخێکی نیە.

## بالۆڵ و قازی

ئەگێڕنەوە پیاوێك مەبەستی حەجی بوو، چون منداڵی وردی هەبوو هەزار دیناری زێڕی بردە لای قازی و بەئامادەبونی راوێژکارانی قازی پارەکەی دایە دەست قازی و وتی:

–یا ئەمە پارەیە لای تۆ بێ من ئەچم بۆ حەج ئەگەر تەمەنم تەواو بوو نەگەڕامەوە ئەوا تۆ ئەم پارەیە بۆ منداڵەکانم خەرج بکە، ئەگەر گەڕاشمەوە ئەوا لێت وەر ئەگرمەوە.



Scanned with CamScanner

کاتێ پارەکەی دا بەقازی و چوو بۆ حەج قەدەری خوا وابوو نەگەڕایەوەو کۆچی دوایی کرد، کاتێ منداڵەکانی پێگەیشتن و گەورە بوون چوونە لای قازی و داوا پارەکەی باوکیان کرد. قازی وتی:

–لەژێر ڕۆشنایی وەسێتەکەی باوکتان من ئەبێ هەرچی خۆم پێم خۆشبێ پێتان بدەم. لەبەر ئەوە من سەد دینارتان ئەدەمێ. ئەوانیش هاواریان دژی ئەم ستەمە کردو ناڕەزاییان دەربڕی.

قازی کەسانێك کە کاتێ باوکیان پارەکەی لای ئەم دانابوو ئامادەبوون بانگ کردو پێیانی وت:

–ئایا ئێوە شاهیدی ئەدەن کە باوکی ئەم منداڵانە کاتێ حەج ئەچوو هەزار دیناری زێڕی لای من دانا تا کاتێ منداڵەکانی گەورە بوون هەرچی پێم خۆش بێت بیاندەمی؟

هەمووان وتیان:

– بەڵێ شاهیدی ئەدەین.



Scanned with CamScanner

قازی وتی:

-دەی ئێستا من زیاتر لەسەد دینار زیاترتان نادەمێ، ئەو داماوانە هانایان بۆ هەرکەس ئەبرد، نەیاندەتوانی کارێکیان بۆ بکەن و هچیان لەدەست نەدەهات بۆ ئەو فێڵەی قازی. تا بالۆڵیان دۆزییەوە بردیان بۆ لای قازی و بەقازی وت:

-بۆچی هەقی ئەمانە نادەیتەوە؟

قازی وتی:

-باوکیان وەسێتی کردوە کە هەرچی خۆم پێمخۆشە بیاندەمێ. بالۆڵ وتی:

-ئەی قازی وەکو خۆت ئەڵێی لەسەر وەسێتی باوکیان سەد دیناریان ئەدەیتێ، بەڵام پێویستە نۆسەد دیناریان بدەیتێ چونکە نۆسەد دینارت بۆ خۆت ئەوێ ئەویش وتویەتی هەرچیت بۆخۆت ویست، کەواتە تۆ دەبێ نۆسەد دیناریان بدەیتێ. قازی ناچار بوو نۆسەد دینارییان بداتێ.



Scanned with CamScanner

## پرسیاری هارون لەباڵوڵ دەربارەی شەراب

ئەگێڕنەوە ڕۆژێ باڵوڵ چوو بۆ لای هارون لەوکاتەدا خەریکی نۆشینی شەراب بوو، بۆ ئەوەی حەرامی شتەکەی بشارێتەوە لەباڵوڵی پرسی:

–ئایا خواردنی ترێ حەرامە؟ باڵوڵ وەڵامی داوە: نەخێر. خەلیفە پرسی:

– ئەی خواردنی: ئاوی ؟ بالوڵ وتی:

–نەخێر. خەلیفە وتی: ئەی ئەگەر هەرکامیان چەند ڕۆژێ لەبەر خۆر بمێنێتەوە حەرامە؟ بالوڵ دیسان وتی: نەخێر. خەلیفە وتی:

–ئەی بۆچی کاتێ ئەو ئاوی ترێ ماویەك لەبەر هەتاو بمێنێتەوە حەرام ئەبێ؟ باڵوڵ وتی: ئەگەر هەندێ گڵ بدەن بەسەرتا ئازاری هەیە؟ خەلیفە وتی: نەخێر. باڵوڵ وتی: ئەی ئەگەر ئاویا پیا بکەن؟ خەلیفە دیسان وتی نەخێر. باڵوڵ وتی: ئەی ئەگەر ئاو گڵەکە تێکەڵ بکرێ خشتی لێ



Scanned with CamScanner

دروست بکرێت و ماوەیەك لەبەر هەتاو دابنرێ پاشان بیکێشن بەسەری مرۆڤدا؟ خەلیفە وتی: بەڵێ ئازاری پێ ئەگەیەنێ و سەری ئەشکێنێ.

باڵوڵ وتی: هەرچۆن بەتێکەڵ کردنی ئاو و گڵ و دانانی لەبەر خۆر سەری مرۆڤ ئەشکێنێ، ئاواش تێکەڵ کردنی ئاو و ترێ و دانانی لەبەر هەتاو خراپییەك دێنێتە ئاراوە کە شەرع حەرامی کردوە، چونکە بەخواردنی ئەو پیسیە زیانی زۆر بەمرۆڤایەتی ئەگەیەنێ. خەلیفە لەو وەڵامە لۆژیکییە سەری سوڕماو فەرمانیدا شەرابەکە بڕێژن.

## بالوڵ و فێرکردنی یەکێ لەدۆستان

ئەگێڕنەوە کەسێك کەرێك دێنێت بۆ حاکمی کوفە.

ئامادەبووان هەمووان کەوتنە پیاهەڵدانی کەرەکە، تەنانەت یەکێك بۆ گاڵتە کردن وتی:

-من ئامادەم ئەم کەرە فێری خوێندن بکەم.

حاکم بەبیستنی ئەو قسەیە زۆر توڕەبوو بەو پیاوەی وت



Scanned with CamScanner

کە ئەو قسەیەی کرد: ئەگەر تۆ توانیت ئەو کەرە فێری خوێندن بکەی پاداشتێکی گەورەت ئەدەمێ، ئەگەر نەشت توانی فەرمان ئەدەم بتکوژن. پیاوەکە لەقسەکەی خۆی پەشیمان بوو، بەڵام چاری نەبوو، داوای کرد دە ڕۆژ مۆڵەتی پێ بدات تا بەوکارە هەستێت.

پیاوەکە کەرەکەی بردو داماو و سەرگەردان نەیدەزانی سەر ئەنجامی کارەکەی بەرەو کوێ ئەچێت، کەرەکەی لەماڵەوە بەجێ هێشت و هاتە دەرەوە، لەناو ڕێگا چاوی بەباڵوولٚ کەوت، چوون پێشتر یەکتریان ئەناسی هەموو ڕووداوەکەی نێوان خۆی و حاکمی بۆ گێڕایەوەو داوای لەباڵولٚ کرد یارمەتی بدات. باڵولٚ وتی:

خەم مەخۆ دەرمانی ئەو دەردە بەدەستی منە، فەرمانت پێ ئەدەم هەرکارێك وتم جێ بەجێ بکە.

پاشان فەرمانی پێدا ڕۆژێك خواردن بەکەرەکەی نەدات پاشان جۆی بۆ بخاتە ناو کتێبێك و بیخاتە نێوان پەڕەکانی، چوون کەرەکە برسی ئەبێ یەك یەك پەڕەکان

هەڵ ئەداتەوە بەدوای جۆکەدا، ئەم کارەش ڕۆژانە دووبارە بکەرەوە، ڕۆژی دەیەمیش هیچ مەدە بەکەرەکەو لەڕۆژی یازدەیەمدا کاتێ کەرەکە ئەبەیتەوە بۆ لای حاکم ئەو کتێبە لەگەڵ خۆت ببەو لەبەردەم حاکم نیشانی کەرەکەی بدە، پیاوەکەش بەو جۆرە بالۆول فەرمانی پێکردبوو کارەکانی جێ بەجێ کرد، کاتێ ڕۆژی خۆی گەیشت کەرەکەو کتێبەکەی برد بۆ کۆشکی حاکم، کتێبەکەی نیشانی کەرەکە دا، چوون کەرەکە برسی بوو ڕۆژانەش فێر بووبوو یەك یەك پەڕەکانی هەڵدایەوە کاتێ گەیشتە پەڕەی کۆتاییو بینی جۆی تیا نیە، دەستیکردە زەڕە زەڕ، ئامادەبووانو حاکم لەو سڕە تێ نەدەگەیشتن، هەرگیز بڕوایان نەدەکرد کە کەرەکە بتوانێ بخوێنێتەوە، هەمووان لەوکارە سەریان سوڕما، ناچار حاکم وەفای بەبەڵێنەکەی خۆی کردو پاداشتێکی باشی دایە.

## باڵووڵ و پیاوێکی گەڕۆك

ئەگێڕنەوە کە باڵووڵ سکەیەکی ئاڵتونی بەدەستەوە بوو، یاری پێ ئەکرد.

پیاوێکی گەڕۆك کە بیستبووی باڵووڵ پیاوێکی شێتە هاتە پێشەوەو وتی:

ئەگەر ئەو سکەیە بەمن بدەی من دە سکە ئەدەمە بەتۆ!!

باڵووڵ کاتێ سکەکانی لەناو دەستیدا بینی زانی گران بەها نیە وتی:

–ئەگەر تۆ سێ جار وەکو کەر بزەڕێنی. کابرا رازی بوو وەکو کەر زەڕاندی.

باڵووڵ وتی:

–زۆرباشە تۆ کەبەو کەریەتیەی خۆتەوە ئەزانی ئەو سکەی بەدەست منەوەیە ئاڵتونە، من نەزانم سکەکانی تۆ مسە؟ پیاوەکە کاتێ قسەکانی باڵووڵی بیست سەری شورکردو رۆشت.

## پرسیارکردن لەباڵووڵ دەربارەی حەزرەتی لوت

پرسیاریان لەباڵووڵ کرد کەوا لوت پێغەمبەر، پێغەمبەری چ نەتەوەیەك بووە؟

باڵووڵ وتی:

-بەناوەکەیدا دیارە، دیارە پێغەمبەری (ئەلوات) بوو (واتە نەتەوەی نێربان) وتیان چۆن ئەوێری بەرامبەر بەپێغەمبەری خودا وا ئەڵێی؟ باڵووڵ وتی: -بەپێغەمبەر خۆی ناڵێم بەنەتەوەکەی ئەڵێم و درۆشم نەکردووە.

## پرسیاری پیاوێك لەباڵووڵ دەربارەی شەیتان

ئەگێڕنەوە پیاوێکە ناشیرین و بەد رەوشت پرسیاری لەباڵوڵ کرد کە زۆرم پێ خۆشە شەیتان ببینم چۆن ئەتوانم؟ باڵوڵ وتی:

-لەماڵەوە ئاوێنەتان نیە تەماشای بکە شەیتان ئەبینی.



Scanned with CamScanner

## چوونە راوی هاروون و باڵوول

ڕۆژێ خەلیفە هاروون و کۆمەڵێك لە دەربارییان چوو بوون بۆ راو، باڵوڵیان لەگەڵدا بوو. لەکاتی راوکردن ئاسکێك دەرکەوت، خەلیفە تیرێکی تێ گرت، بەڵام نەی پێکا. باڵووڵ وتی: دەست خۆش. خەلیفە تورە بوو، وتی: گاڵتەم پێ ئەکەی؟ باڵووڵ وتی: ئافەرینی من بۆ ئاسکەکە بوو نەك بۆ تۆ.

## چوونە گەرماوی باڵووڵ

ڕۆژێ باڵوڵ چوو بۆ گەرماو، بەڵام بەهیچ جۆرێك نەهاتن بەدەوریداو خزمەتی باشیان پێشکەش نەکرد، کاتێ لەگەرماو هاتە دەر کیسەی پارەی دەرهێناو دە دیناری دا بەشاگردو وەستاکان. ئەوانیش کاتێ ئەمەیان بینی لەکردەوەی خۆیان زۆر پەشیمان بوون کە بۆچی بەجوانی خزمەتی ئەو پیاوە میهرەبانەیان نەکرد.

باڵوڵ ڕۆژێکی دیکە دیسان چووەوە بۆ گەرماوەکە، بەڵام

Scanned with CamScanner

ئەم جارەیان هەموو شاگردەکان بەدەوریدا هەڵدەسوڕان و خزمەتیان ئەکرد، هەمووان پێشبڕکێیان ئەکرد بۆ باشتر خزمەتکردنی.

کاتێ باڵوڵ هاتە دەر دەستی برد کیسەی دەرهێناو تەنها یەك دیناری دا بەشاگردو وەستا. ئەوانیش زۆر سەریان سوڕماو هۆکارەکەیان لەباڵوڵ پرسی؟ ئەویش لەوەڵامدا وتی: ئەو رۆژە کە هاتم پارەی ئەمڕۆم پێدان و ئەمڕۆش پارەی ئەو رۆژەم دا پێتان، تا فێری ئەدەب و رەوەشتتان بکەم و بزانن لەگەڵ خەڵك چۆن رەفتار ئەکەن.

## باڵوڵ و خزمەتکار

ئەگێڕنەوە کە یەکێك لەخزمەتکارەکانی هاروون ماستی خواردبوو، ماستەکە بەدەمیەوە دیار بوو. باڵوڵ پرسیاری لێکرد:

-ئەوە چیت خواردوە؟ خزمەتکار بۆ گاڵتەکردن وتی:

-کۆترم خواردوە. باڵوڵ وتی:

–پێش ئەوەی قسەبکەی خۆم زانیم کەوا کۆترت خواردوە. کابرا سەری سوڕماو وتی:

–چۆنت زانی؟ باڵولٚ وتی:

–ئاخر کەمێك ریقنە بەدەمتەوەیە.

## باڵولٚ و خاوەن حساب

ئەگێڕنەوە کەوا باڵولی دانا ڕۆشتبوو بۆ بەصرە، چونکی لەو شارەدا کەسی نەدەناسی ژوورێکی بەکرێ گرت، بەلاّم ئەو ژوورە زۆر کۆن و داڕزاو بوو لەکون و کەلەبەرکانیەوە با ئەهاتە ژوورەوەو، دارەکانی ئاو باران دایڕزاندبوو، بۆیە باڵولٚ چوو بۆ لای خاوەن ماڵ و وتی:

–ئەو خانوەی تۆ داوتە بەمن زۆر ترسناکەو لەبەر زۆری کون و کەلەبەر با لەهەموو لایەکەوە دێتە ژوورەوە.

خاوەن ماڵ کە کەسێکی گاڵتەباز بوو لەوەلامی باڵولدا وتی:

-عـەیبی نیـە، هەڵبـەت ئـەزانی تـەواوی بونـەوەرەکان شوکرانە بژێری خودا دەکەن ئەو دەنگە دەنگی سوپاس و ستایشی خودایە.

بالۆل وتی:

-راستە بەڵام چونکە سوپاس و ستایشی بونـەوەرەکان بەسـوژدە کۆتـایی دێـت، ترسـی مـن لەوەدایـە کـەوا خانەوەکەش بەسوژدە کۆتایی پێ بێنێت.

## بالۆل و کتێبی فەلسەفە

ئەگێڕنەوە کەوا رۆژێك بالۆل رۆشت بۆ مزگـەوت، چوون ئەو رۆژە جەژن بوو خەڵکێکی زۆر لەمزگەوت ئامادە بوون. بالۆل کاتێ ویستی بچێتە ژوورەوە پێڵاوێکی زۆری بینـی و چونکە جاری پێشتر پێڵاوەکانی دزرابوو، ترسا ئـەمجارەش بـدزرێ یـان بگـۆڕدرێ. لەبـەر ئـەوە پێـچای لەدەسـتە سرێکەوەو لەژێربالێـدا شـاردییەوە، هەرکـە چـوە ژوورەوە لەگۆشەیەکدا دانیشت. کابرایەك کـاتێ بینـی هاتـە ژوورەوە دانیشت، شتەکەی بن باڵی بینی، چوە لایەوەو پێی وت:

-وابزانم کتێبێکی گەورەت لەبن باڵدایە، ئەتوانی بڵێت چ کتێبێکە؟ باڵولّ وەڵامی داوە:

-کتێبی فەلسەفەیە. کابرا وتی:

-لەکام کتێبخانەت کڕیوە؟ باڵولّ وتی:

-لەپێڵاو فرۆشێك کڕیوە.

## باڵولّ و دارۆغە

ئەگێڕنەوە کەوا دارۆغەی بەغداد لەناو کۆمەڵێك کەسدا پڕو پاگندەی ئەوەی ئەکرد، کەوا تا ئێستا کەس نەیتوانیوە فێڵی لێبکات. باڵولّ لەناو خەڵکەکەدا بوو بەدارۆغەی وت:

-فێڵ کردن لەتۆ کارێکی ئاسانە، بەڵام ئەوە ناهێنێ پیاو کاری خۆی بۆ بوەستێنێ.

دارۆغە وتی:

-تۆ ئەوە نیت فێڵ لەمن بکەی بۆچی قسەی وا ئەکەی؟

باڵولّ وتی:

-بەداخەوە ئێستا کارێکی زۆرم هەیە ئەگینا هەر ئێستا فێڵم لێ ئەکردی. داروغە وتی:

-ئامادەی بڕۆی کارەکەت ئەنجام بدەیت و بگەڕێتەوە. باڵول وتی:

-بەڵێ بەڵام بەو مەرجەی لێرەدا چاوەڕوان بیت، تا ئەڕۆم و بەزوویی ئەگەڕێمەوە.

پاشان باڵول ڕۆشت و نەگەڕایەوە، داروغە دوای دوو سەعات تێگەیشت و زۆر تووڕە بوو قیڕاندی و وتی:

-ئەمە یەکەمین جارە کەوا ئەو شێتە فێڵم لێبکات ئەوە چەندین کاتژمێرە منی لێرەدا چاوەڕوان کردووەو وەستاندوە.

## دادوەری باڵول

ئەگێڕنەوە عەرەبێکی دەشتەکی فەقیر هاتە بەغداد و چوون ڕێگەکەی بەبەر دوکانێکی خۆراکیدا بوو حەزی لەبۆنی خۆراکەکە ئەکرد، لەبەر ئەوەی پارەی نەبوو نانی



Scanned with CamScanner

وشك كە لەتوێشەبەرەکەیدا هەبوو دەر ئەهێناو ئەیخستە سەر هەڵمی مەنجەڵەکەو کە نەرم ئەبوەوە ئەیخوارد.

چێشتلێنەر وەستا تا نانەکەی ئەو تەواو بوو پاشان کاتێ ویستی بڕوات یەخەی کابرای گرت و داوای پارەی لێکردو بوو بەشەڕیان، وا ڕێکەوت باڵوڵ بەوێدا تێپەڕی، کابرای عەرەب داوای لێکرد دادوەرییان بکات. باڵوڵ لەچێشتلێنەرەکەی پرسی:

–ئەم کابرایە لەچێشتەکەی تۆی خواردوە؟ کابرا وتی:

–نەخێر بەڵام هەڵم بۆنی سەر مەنجەڵەکەی خواردوە. باڵوڵ بەکابرای وت:

–باش گوێبگرە پاشان کیسە پارەکەی راوەشاندن و پارەیەکی دەرهێناو نیشانی کابرای داو خستیە سەر زەوی و پاشان هەڵیگرتەوەو بەکابرای وت:

–دەنگی پارەکە هەڵگرە. کابرا بەسەر سوڕمانەوە وتی:

–ئەمە چ جۆرە پارە دانێکە. باڵوڵ وتی:



Scanned with CamScanner

-زۆر نادپەروەرانەیە، کەسێك کە هەڵم و بۆنی چێشت بفرۆشیَ ئەبێت لەبەرامبەردا دەنگی پارە وەر بگرێت.

## باڵولَ و گەشتیار

ئەگێڕنەوە یەکیَ لەگەشتیارانی بیانی هاتە بەغداو رۆشتە دەرباری خەلیفە هارونە رەشید، هەرکە گەیشتە خزمەتی خەلیفە چەند پرسیارێکی لەوەزیرەکان کرد، بەڵام کەسیان نەیانتوانی وەڵامی پرسیارەکانی بدەنەوە.

خەلیفە زۆر توڕە بوو بەوەزیرەکانی وت:

-ئەگەر وەڵامی پرسیارەکانی ئەو پیاوە نەدەنەوە ئەوا هەموو سەروەت و سامانتان زەوت ئەکەم.

ئامادە بوان بیست و چوار کاتژمێر مۆڵەتیان خواست، خەلیفە مۆڵەتیدان، یەکێکیان وتی:

-من وای بەباش ئەزانم بڕۆین بۆ لای باڵولَ جگە لەباڵولَ کەسی تر ناتوانیَ وەڵامی پرسیارەکانی ئەو کابرا گەڕۆکە بداتەوە. چون بەشوێن باڵولَدا، باڵولَ رازیبوو وەڵامی

پرسیارەکانی کابرا بداتەوە. بەیانی ئەو رۆژە کە بڕیار بوو بەئامادەیی خەلیفە وەڵامی پرسیارەکانی کابرا بدەنەوە، هەمووان کۆبونەوە بەکابرای گەشتیاری وت:

-ئێستا هەر پرسیارێکت هەیە بیکە ئامادەم وەڵامت بدەمەوە.

کابرا بەعاساکەی بازنەیەکی کێشاو باڵوڵیش بەعاساکەی هێڵکی لەناوەراستی بازنەکەدا کێشا، پاشان کابرا بازنەیەکی دیکەی کێشاو باڵوڵ ئەمجارە کردی بەچوار بەشەوەو بەدەست ئاماژەی بۆ بەشێك کردو وتی:

-ئەوە بەشێکی وشکی و سێ بەشی ئاو. کابرا زانی باڵوڵ لەپرسیارەکە گەیشتوەو وەڵامەکەی زانیوەو پاشان بۆ ئەوەی لەبەردەم خەلیفەو زاناکاندا سوپاسی باڵوڵ بکات، پشتی دەستی خستە سەر زەوی و پەنجەکانی بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە.

بالۆل دژە کرداری نیشان دا یانی پەنجەکانی نایە زەوی و دەستی بەرەو ئاسمان گرت، کابرای گەشتیار بێ ئەندازە ئەوی هەڵناو بەخەلیفەی وت:

-بەبوونی وەها زانایەك ئەبێ زۆر شانازی بکەیت.

خەلیفە پرسی:

-من لەم پرسیارو وەڵامە نەگەیشتم. کابرا وتی:

-من سەرەتا بازنەیەکم کێشاو مەبەستم نیشان دانی کورەی زەوی بوو ئەو تێگەیشت و کردی بەدوو بەشەوە بەوەش منی تێگەیان کە بڕوای بەخڕی زەوی هەیەو بەو هێڵەش نیشانەی هێڵی کەمەریی بوو واتە خەتی ئیستیوا بو جۆرەش زەوی کرد بەدوو بەشەوە باکورو باشور. پاشان بازنەی دووەمم کێشا ئەویشی کرد بەچوار بەشەوەو بەمنی وت کەوا زەوی بەشێکی وشکانیەو سێ بەشی ئاوە. سێیەمیش کە من بەری دەستم خستە سەر زەوی و پەنجەکانم بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە، مەبەستی من بونی هەموو بونەرو دارو درەخت و سەوزی و شتەکان، ئەویش

کە دژە کرداری نیشاندا کەوا پەنجەکانی خستە سەر زەوی و دەستی بۆ ئاسمان بەمکارەی بەمنی وت کە بەهۆی خۆرو باران و مانگ کە لەئاسمانەوەوە دادەبەزنە سەر زەوی ئەو بونەوەرانەی تۆ ئاماژەت پێدا ئەتوانن بژین، کەواتە ئاوا زانایەك پێویستە پیادا هەڵبدرێت و سوپاس بکرێت.

ئامادەبوانیش لەحازرجوابی باڵوڵ سەریان سوڕماو سوپاسی خوادایان کرد لەرزگار بوونیان لەتوڕەیی خەلیفە هەروەها سوپاسی باڵوڵیشیان کرد.

## باڵوڵ و دەم بەستنی هەمووان

ئەگێڕنەوە بازرگانێك کە لەهندستانەوە کاڵای ئەهێناو لەبەغداد ئەیفرۆشت، لەکاتی گەشتەیەکەیدا لەناو رێگا مایەوە لەیەکێك کاروانسەراکان مایەوەو بۆ نانی ئێوارە خواردنێکی داواکرد. خزمەتچی مریشکێکی کوڵاوو چەن هێلکەیەکی بۆ هێنا، بەیانی کاتێ کاروان ئەڕۆشت خاوەنی کاروانسەرا بۆ کارێك چوبوە دەرو کابرای بازرگان نەیتوانی



Scanned with CamScanner

پـــارەی خواردنەکـــەی بـــدات، لەبـــەر ئـــەوەی کاروانکـــە بەڕێدەکەوت ناچاربوو لەگەڵ کاروان بڕوات.

پاش ساڵێك کە ڕێگەی کەوتەوە ئەو کارونسەرایە دیسان نـانێکی ئێـوارەی لەهـەمان کـەس داواکـردەوەو، هـەروەك ساڵی پێو مریشکێکی کوڵاوو چەند دانـە هێلکـەی بـۆ هێنـا کاتێ ڕۆژ بوەوەو ویستی بڕوات بەکابرای وت:

–من ژەمێکی تری وەکو ئەمەی ئەمشەوت قـەرزارم هـی ساڵی پار حسابی هەردووکیان بکە با پارەکەت بدەمێ.

کـابرا پـاش چـەن خولـەکێك هێنـان و بـردن و ژمـاردن، داوای لەبازرگان کرد هـەزار دینـاری بـداتێ پێشی وت بۆیـە خێرا پێم نەوتی تا زوڵمت لێ نەکەم و زۆر بەویژدان بم.

کابرای بازرگان بەبیستنی هەزار دینـار بـۆ دوو ژەم نـان خواردن شێت بوو. بەکابرای وت:

–وابـزانم تـۆ شـێتی بـۆ دوو مریـشك و چـەند هێلکەیـەك هەزار دینار داوا ئەکەی؟ کابرا وتی:



Scanned with CamScanner

–وەڵامێکــی ســەیرت دایــەوە دوای ئــەو هــەموو بەویژدانییــەی مـن بەخـەرجم داو نەمویـست بـەهیچ جۆرێ زوڵمت لێبکەم کەچی تۆ بەشێتم ناو ئەبەیت؟ بازرگان وتی:

–سوپاستەکەم بـەڵام بۆ هـەزار دینـارت بدەمێ لـەباتی چی و چی قەرزارم؟ کابرا وتی:

–کـەمێك ورد بـیر بکـەرەوەو بزانـە مـن بـێ ویـژانیم نەکردوە، ئاخر تـۆ سـاڵی پـار مریشکێك و شـەش هێلکـەت خواردوە، تا ئێستا ئەو مریشکە چەن هێلکەی ئەکرد ئێستا ئـەو هێلکانـە بوبونـە چـەندین جووچـکەو جووچـکەکانیش دیسان بوبونە مریشك و دیسان هێلکەی دیکەیان ئەکرد بەم حساباتە من ئێستا خاوەنی دەیـان هـەزار مریشك و هێلکە بووم ئێـستا تـۆ بـۆ هـەزار دینـار ئـەڵێ زۆرەو من بەشێت ئەزانی، لەم دەنگەدەنگە هـەموو کاروانەکـە بـەئاگا هـاتن و هەرچییان کرد نەیانتوانی کێشەکەیان بۆ چارەسـەر بکـەن، سەر ئەنجام بڕیاریاندا بڕۆن بـۆ لای کوێخـای گـەڕەك بـەڵکو ئەو کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکات.



Scanned with CamScanner

کاتێ کوێخا هات و شتەکەیان بۆ رون کردەوە هەقی دا بەخاوەنی کاروانسەراو بەبازرگانی وت:

-هەق لای ئەوە تۆ ئەبێ هەزار دینارەکەی بدەیتێ. بازرگانی بێچارە نەیدەزانی چی بکات و هاوار بۆ کێ ببات، لەناو گەشتیارەکاندا یەکیان بالۆلی ئەناسی و ئەیزانی ئەم کێشەیە تەنها بەو چارەسەر ئەکرێ. رویکردە خەڵکەکەو وتی:

-لێرەوە تا بەغداد دوور نیە من ئەڕۆم قازیتان لەشاری بەغداد بۆ دێنم، هەمووان رازیبوون، پیاوەکە سواری هێسترێك بوو بەدوای بالۆلدا رۆشت و کاتێ پرسیاری بالۆلی کرد لەمزگەوتێك دۆزییەوەو روداوەکەی بۆ گێڕایەوە.

بالۆل لەگەڵ ئەو پیاوەدا سوار بوو هات بۆ کارونسەراکە، هەرکە لەکاروانسەرا نزیکبوونەوە دابەزی و بەپیاوەکەی وت:

-تۆ بڕۆرەوە بۆ کاروانسەراکەوو پێیان بڵێ قازی تا نیو کاتژمێری دیکە ئەگات. کابرا بەو جۆرە رەفتاری کرد کە



Scanned with CamScanner

بالۆڵ پێی وت، هەمووان دەقیقە ئمێریان ئەکرد بوو بەنیو سەعات قازی نەهات بوو بەسەعاتێ هەر نەهات دووای تێپەڕبوونی سەعات و نیوێك لەکاتی خۆی سەرو کەللەی قازی دەرکەوت، خەڵکەکە لەبەر رێزی قازی لەجێگەی خۆیان هەستان و بالۆڵ خێرا لەسەر زەوی دانیشت و وتی:

–هەڵبەت سەبارەت بەکێشەی نێوان خاوەنی کاروانسەرا و بازرگان ئاگادارم بەڵام زۆر داوای لێ بووردن ئەکەم بۆ درەنگ گەیشتنم پەیمانم دابوو دوای نیو سەعات بگەم بەڵام سەعات و نیوێك دوا کەوتم، هەڵبەت عوزرم بەجێیە چونکە من جگە لەدادەوەری کاری کشت و کاڵی ئەکەم لەوکاتە کە پەیمانم دابوو بێم وەرزێرەکان خەریکی کوڵاندنی تۆوی گەنم و وەشاندن بوون منیش زانیم ئەگەر ئەوکاتە بهاتمایەو سەعاتێ گەنمەکەم دوا کەوتایە بەرهەمی ئەوان باش ئەبوو من دوا ئەکەوتم، منیش تۆوەکەم کوڵاندو چاندم تا لەوان دوا نەکەوم، بۆیە لای ئێوە ئەو سەعاتە دوا کەوتم.

کوێخاو ئامادەبووان وتیان:

–بەخوا قازییەکی کەرە ئاخر گەنمی کوڵاو چۆن ئەکرێ بەتۆو ئەچێندرێت؟ باڵوولٚ وتی:

–بەلاتانەوە سەیر نەبێت ئاخر لەشارێك کە مریشکی کوڵاو هێلکە بکات ئەبێ گەنمی کوڵاویش بچێنرێت و سەوز ببێت.

لەم وەڵام دەمبستەی باڵوولٚ هەموو ئامادەبوان سەریان سوڕماو کوێخا رویکردە کابرای خاوەنی کاروانسەراو وتی:

–قازی دادپەروەرییەکی باشی کرد چونکە مریشکی کوڵاو هێلکە ناکات.

سەر ئەنجام پارەی پێویستی هەردوو ژەمەکەیان دا بەکابراو کێشەکە چارەسەر کراو هەردوو لا دەستیان کردە ملی یەك و چون بەلای کاری خۆیانەوە.

## باڵوولٚ و دارۆغە

ئەڵێن دوو هاو ماڵ ئەبێتە شەڕیان و هاتنە لای دارۆغە. دارۆغە هۆکاری شەڕەکەیانی پرسی؟ هەردووکیان ئەیان وت



Scanned with CamScanner

لاشەی ئەو سەگەی لەکۆڵانەکە تۆپیوە لەماڵی ئەوەوە نزیکە ئەبێ ئەو فڕەی بدات. وا ڕێکەوت باڵولیش لەوێ ئامادە بوو. دارۆغە لەباڵولی پرسی:

-رای تۆ سەبارەت بەو کێشە چییە؟ باڵوڵ وتی:

-کۆڵان موڵکی گشتیە پەیوەندی بەهیچیانەوە نیە پێویستە دارۆغە فەرمان بدات لای بەن.

## هەڵبژاردنی باڵوڵ بۆ داوەری

هەندێك ئەیانوت باڵوڵ شێتەو شێتی ئەو دەنگۆی دابوەوە.

هارون بۆ دەست نیشانکردنی قازی لەگەڵ کەسەکانی دەورووبەری راوێژی کرد کە چ کەسێك دەست نیشان کەن ببێتە قازی ئەوانیش باڵولی برای هارونیان دەست نیشان کرد. پاشان خەلیفە باڵولی بانگکرد و داوای لێکرد لەکاری خەلافەتدا هاوکاری بکات، دادوەری شاری بەغداد بگرێتە ئەستۆ.



Scanned with CamScanner

باڵوڵ وەڵامی داوە:

-من توانای وەها کارێکم نیەو ناتوانم ئەو کارە وەرگرم.

هارون وتی:

-هەموو وەزیران پیاو ماقوڵان تۆیان دەست نیشان کردوە، جگە لەتۆ بەکەسی تر رازی نین. باڵوڵ وتی:

-پەنا بەخودا من خۆم لەهەموو کەس باشتر ئەناسم ئاخر ئەگەر راستگۆبم ناتوانم لەوکارەدا بەردەوام بم، ئەگەر درۆزن و ریاکاریش بم هەر بۆ ئەوکارە نابم.

خەلیفە وازی نەهێنا هەرچەند باڵوڵ زیاتر پێداگری ئەکرد کە نەیکات هارون زیاتر فشاری ئەخستە سەر. باڵوڵ چونکە خەلیفەی ئەناسی زانی دەست بەردار نابێ، ناچار وتی:

-ئەمڕۆ مۆڵەتم بدە تا بەجوانی بیر لەو باسە بکەمەوە.

باڵوڵ ئەو رۆژە بۆ ماڵ گەڕایەوە، هەرچەند بیری کردەوە ئەیزانی خەلیفە دەست بەردار نابێ، لەدڵی خوێدا ئەیوت ئەگەر ئەمڕۆ رازی بم ئەوا ئەبێ قیامەتی خۆم لەدەست

–با بەڵام خەلیفە کە دەبوایە شوێن کەوتوی ئەو بومایە، خۆی هەقی خەلافەتی نیەو داگیری کردوە. حاکم وتی:

–ئایا پێت خۆشە هەمیشە تەندروست بیت؟ باڵوڵ وتی:

–نە. لەبەر ئەوە ئەگەر هەمیشە تەندروست بم و لەخۆشیدا بژیم حەزم لەدونیاو ماڵی دونیا ئەبێ بێ ئاگا ئەبم لەقیامەت و مردن. کەواتە خۆشی خوشبەختی لەوەدا ئەبینم کە هەمیشە دەستی پاڕانەوەم بەرزکەمەوەو داوا لەپەروەردگاربکەم بم بەخشێت و سۆزو رەحمەتی خۆیم بەسەردا دابارێنێ و لەگوناهەکانم خۆش ببێ.

## هاتنی باڵوڵ لەگۆڕستانەوە پرسیارکردن لێی

رۆژێ باڵوڵ لەگۆڕستانیکەوە ئەهات، لێیان پرسی:

–لەکوێوە دێت؟ باڵوڵ وتی:

–لەلای کاروانێکەوە هاتم کە لەسەر ئەم زەوییە نین. پرسییان:

–ئەی پرسیارت لێ نەکردن بۆ کوێ ئەچن. باڵوڵ وتی:



Scanned with CamScanner

-بەڵێ پرسیارم لێ کردن ئەوانیش وتیان نیازی سەفەریان هەیە چاوەڕوانی ئێمەن هەرکات ئێمە گەیشتینە لایان ئەوانیش ڕێ ئەکەون.

## گفتوگۆی هارون و باڵوڵ دەربارەی پاشەڕۆژ

هارون لەباڵوڵی پرسی:

-پاشە ڕۆژی ئێمە چۆن ئەبینیت؟ باڵوڵ وتی:

-لەئێستاوە ئەتوانی جێگای خۆت لەقیامەتدا ببینی "انالابرار لفی نعیم و ان الفجار لفی جحیم" واتا چاکەکاران لەبەهەشت و خراپەکاران لەدۆزەخن. هارون گوتی:

-ئەی نزیکی من لەپێغەمبەر"د.خ"ەوە چۆن ئەبینیت؟ باڵوڵ وتی:

-"ان نفخ فی الصور فلا انساب بینهم" واتە: کاتێ کە ئیسرافیل بەئیزنی خودای گەورە فوی بەنەفخا ئەکات ئیدی هیچ نزیکیەك نامێنی، کەواتە خزمایەتی لەگەڵ پێغەمبەر"د.خ" دا هیچ سودێکت پێ ناگەیەنێ. هارون



Scanned with CamScanner

پرسی:

-ئەی شەفاعەتی پێغەمبەر"د.خ" بۆ کوێ ئەچێت؟

بالۆڵ وتی:

-کەسێك کە زوڵم لە نەوەکانی پێغەمبەر"د.خ" بکات لەشەفاعەتی پێغەمبەر"د.خ" بێ بەش ئەبێ. هارون وتی:

-من چ زوڵمێکم لەنەوەکانی پێغەمبەر"د.خ" کردوە؟

بالۆڵ وەڵامی داوە:

-موسای کوڕی جەعفەر بەبێ هیچ تاوانێك بەندت کردوە. هارون سەری دانەواندو دەستیکردە گریان ئەوەندە گریا تا بەتەواوی ریشی تەڕ بوو پاشان وتی:

-ئەگەر تۆبە بکەم لێم خۆش ئەبێ؟ بالۆڵ وتی:

-خۆشەویستی دونیاو پایەو کورسی ئەوەندە لەدڵت چەسپیوە ئەگەر پێغەمبەر"د.خ" خۆیشی لات بێت و ئامۆژگاریت بکات هێشتا واز لەکرداری خراپی خۆت ناهێنی، بەبێ هۆ کاتی منت گرتوە. ئەمەی وت و لای هارون رۆشت.

## گفتوگۆی هارون و باڵوڵ

ئەگێڕنەوە کەوا باڵوڵ ماوەیەك بەغدادی بەجێهێشت و لەکوفە ئەژیا، پاش ساڵێك کاتێ هاتەوە بۆ بەغداد چوو بۆ سەردانی خەلیفە.

کاتێ هارون باڵوڵی بینی، پێی وت بۆچی ماوەیەکە دیار نیت، نازانی چەندە تامەزرۆی بینینتم. باڵوڵ وتی:

-من هەرگیز ئارەزووی دیداری تۆم نەبوە. هارون وتی:

-لەبەر ئەوەی ماویەکە تۆم نەدیوەو گوێ بیستی ئامۆژگاریەکانت نەبووم، دەی ئامۆژگاریم بکە. باڵوڵ وتی:

-ئامۆژگاری چیت بکەم، لەوە باشتر بێ. بەپەنجە ئاماژەی بەکۆشك و تەلارو گۆڕستان کردو وتی:

-ئەو کۆشك و تەلا رانەی تۆ ئەیبینی چەندان میرو وەزیرو شالایارو دەسەڵاتداری تێدا ژیاوەو فەرمانڕەواییان تێدا کردوە، سەرئەنجامی یەك لەدوای یەك ڕۆشتن و بونە میوانی خاك و لوتی بەرزیان پڕ بوو لەخاك، ئەوەش بزانە

کە تۆش رۆژێك ئەمریت و ئەم کۆشك و تەلارە بەجێ دێڵی، ئەگەیتە کاروانی ئەوان، بترسە لەو رۆژەی لەبەردەم پەروەردگاردا ئەوەستی و چاوەڕوانی وەرگرتنی نامەی کردارەکانتی، بترسە لەو رۆژەی لێت دەپرسن چیت کرد، لەو رۆژەدا خودای گەورە لەگەڵ تۆ بەداد پەروەری ئەجولێتەوە، لەو کاتەدا تۆ روت و برسی لەنێوان خەڵکانی مەحشەردا دەست بەتاڵی، لەو رۆژەدا تۆ بێچارەو قوڕ بەسەری خەڵکانی تریش پێت پێ ئەکەنن، کەواتە تا مۆڵەتت هەیەبیر لەو رۆژە بکەرەوە.

هارونە رەشید ئەو قسانە زۆریان کار کردە سەری و فرمێسك لەچاوەکانی هاتە خوارەوە.

## ئامۆژگاری باڵوڵ

شێخی بەهایی خوای لێ رازیبێت لەکەشکۆڵەکەی خۆیدا ئەگێڕێتەوەو ئەڵێت:

-رۆژێ باڵوڵ لەگۆڕستانێ لەسەر قەبرێك دانیشتبوو، کە بەو جۆرە ئەیبینن پێی ئەڵێن:



Scanned with CamScanner

-تۆ کە هێشتا زیندوی بۆچی لەگەڵ مردوان دائەنیشی؟

بالۆڵ وتی:

-لەگـەڵ کەسـانێك دا ئەنیـشم کـە دوورم خەنـەوە لـە خۆشیەکانی دونیا بەئاگام بێننەوە لەتاوانکارییەکانی دونیا.

## جیاوازی نێوان بالۆڵ و هارون و حاڵی ئەوان

هارون جوان و سامان و سەروەت ماڵی دونیای ویست.

بالۆڵ جوانی ناخ و عیرفانی ویست.

هارون دینی لەدەست داو دونیای ویست.

بالۆڵ دونیای واز لیّ هێناو دینی ویست.

هـارون سـواری کورسـی سـەڵتەنەت و جـوانی و خۆشـی دونیایی بوو.

بـالۆڵ سـواری ئەسـپی داریـن و حـەزی لەجوانیـە عیرفانیـەکان بـوو، بـالۆڵ لـەکاتی سـواربوونی ئـەو دارەدا منـاڵان دوای ئەکـەوتن بـەردیان تـیّ ئـەگرت ئـەویش لـەتاوا پەنای بۆ مزگەوت ئەبرد.



Scanned with CamScanner

هـارون کـاتی مردنـی بەهـەزار داخ و کەسـەرو زەلیلـی دەستی لەدونیا بەردا.

بالۆڵ کاتی مردنـی بـەئارامی خۆشـی لەزەتـەوە دونیـای بەجێ هێشت.

هارون دوای مردنی لەعنـەتیان لێ ئـەکرد و جنێویـان پـێ ئەدا.

بـالۆڵ پـاش مردنـی زانایـان و دانایـان رەحمـەتیان بـۆ ئەناردو داخیان بۆ ئەخوارد.

هارون گەورەیی دونیای ویست و وازی لەقیامەت هێنا.

بالۆڵ ئاخیرەتی ویست و دەستی لەدونیا بەردا.



Scanned with CamScanner

# پێڕست


پێشەکی ---------------------------------------- ٣
وەرگێڕ ---------------------------------------- ٤
بالوول و بازرکان ------------------------------- ٥
بالول و هاورێکەی ------------------------------ ٧
بالول و کورسی هارونە ڕەشید -------------------- ٨
بالول و خۆراکی خەلیفە ------------------------- ٩
بالول و پزیشکی دەرباری هارون ------------------ ٩
بالول و بەندەیەك كەلەشەپۆلەكانی دەریا ئەترسا ---------- ١١
ئامۆژگاری كردنی هارونەرەشید لەلایەن بالولەوە ---------- ١٢
مناقەشەی بالول و فیقزانێك ------------------------ ١٣
بالول و هارون ------------------------------------ ١٨
پرسیاری هارونەرەشید لەبالول ---------------------- ٢١
داوا ئامۆژگاری كردنی هارون لەبالول ---------------- ٢٣
بالول و جونەیدی بەغدادی --------------------------- ٢٥
ئامۆژگاری كردنی فەزلی كوڕی رەبیع ------------------ ٣٣
چیرۆكی مزگەوت دروستكردنی فەزلی كوڕی رەبیع لەبەغداد ---------- ٣٧
بالول و دز ---------------------------------------- ٣٩
پرسیاری هارون لەبالول ------------------------------ ٣٩
بەخیشنی خەلیفە بەبالول ----------------------------- ٤٢
بالول و هارون -------------------------------------- ٤٣
بالول و دز ----------------------------------------- ٤٤
بالول و میری كوفە ---------------------------------- ٤٧




Scanned with CamScanner

باڵوڵ و وەزیر ---------------------------------------- ٤٨
چیرۆکی بڕیاردانی باڵوڵ لەناو دادگای قازیدا ---------------------------------------- ٤٨
بەهەشت فرۆشتنی باڵوڵ ---------------------------------------- ٥٢
توڕەبوونی هارون لەباڵوڵ و بەخشینی ---------------------------------------- ٥٤
باڵوڵ و نانی جۆو سرکە ---------------------------------------- ٥٦
باڵوڵ و ئامۆژگاریکردن ---------------------------------------- ٥٨
هارون و پیاوی فێڵباز ---------------------------------------- ٦١
هارون و راوچی ---------------------------------------- ٦٤
پرسیاری هارون دەربارەی ئەمین و مەئمون ---------------------------------------- ٦٧
گفتوگۆکردنی باڵوڵ ---------------------------------------- ٧١
پرسیارو وەڵامی هارون و باڵوڵ ---------------------------------------- ٧٣
پاداشتی هارون بە باڵوڵ ---------------------------------------- ٧٤
کاریگەری نزای باڵوڵ ---------------------------------------- ٧٥
ئامۆژگاری کردنی عەبدوڵڵای موبارەك لەلایەن باڵوڵەوە ---------------------------------------- ٧٥
چوونە گەرماوی باڵوڵ و هارون ---------------------------------------- ٨١
باڵوڵ و قازی ---------------------------------------- ٨٢
پرسیاری هارون لەباڵوڵ دەربارەی شەراب ---------------------------------------- ٨٥
باڵوڵو فێرکردنی یەکێ لەدۆستان ---------------------------------------- ٨٦
باڵووڵ و پیاوێکی گەڕۆك ---------------------------------------- ٨٩
پرسیارکردن لەباڵووڵ دەربارەی حەزرەتی لوت ---------------------------------------- ٩٠
پرسیاری پیاوێك لەباڵووڵ دەربارەی شەیتان ---------------------------------------- ٩٠
چوونە راوی هاروون و باڵوول ---------------------------------------- ٩١
چوونە گەرماوی باڵوول ---------------------------------------- ٩١
باڵوڵ و خزمەتکار ---------------------------------------- ٩٢
باڵوڵ و خاوەن حساب ---------------------------------------- ٩٣




Scanned with CamScanner

باڵوڵ و کتێبی فەلسەفە ---------------------------- ٩٤
باڵوڵ و دارۆغە ------------------------ ٩٥
دادوەری باڵوڵ ------------------------- ٩٦
باڵوڵ و گەشتیار ----------------------------- ٩٨
باڵوڵ و دەم بەستنی هەمووان --------------------------- ١٠١
باڵوڵ و دارۆغە ---------------------------------- ١٠٦
هەڵبژاردنی باڵوڵ بۆ داوەری ------------------------ ١٠٧
هەواڵپرسینی باڵوڵ لەلایەن حاکمەوە --------------------- ١٠٩
هاتنی باڵوڵ لەگۆڕستانەوە پرسیارکردن لێی ------------------- ١١٠
گفتوگۆی هارون و باڵوڵ دەربارەی پاشەڕۆژ ------------------- ١١١
گفتوگۆی هارون و باڵوڵ ------------------------- ١١٣
ئامۆژگاری باڵوڵ ----------------------------- ١١٤
جیاوازی نێوان باڵوڵ و هارون و حاڵی ئەوان ----------------- ١١٥



Scanned with CamScanner

لەبڵاوکراوەکانی

باشترین کتێبی زانستی، فێرکاری، ڕۆمان، چیرۆک، فەلسەفە، زمانەوانی

کتێبخانەی بەختیاری



BAKHTIARY BOOK SHOP

سلێمانی- شەقامی مەولەوی - بەرامبەر چاپەمەنی دیلان

07705000122 - 07480155705

# باڵولی دانا

## پەندو ئامۆژگارییەکانی باڵولی دانا

وەرگێڕانی: کامیل محەممەد قادر



نرخی ( ٢٥٠٠ ) دینار

Scanned with CamScanner